

# سەرۆک بارزانی و پێشکەوتن و سەرکەوتنەکانی کوردستان لە ٨ ساڵی رابردوودا



هێمن هەورامی
بۆ گوڵانی نووسیوە

## ((وەک چۆن لە ئەوروپا، هەموو ڕێگاکان دەچنەوە پاریس، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، هەموو ڕێگاکان دەچنەوە لای مسعود بارزانی))

Kenneth M. Pollack

**لەپەیمانگای برۆکینگز، کانوونی دووەمی ٢٠١٠**

قسەکردن لە سەر دەستکەوتی سیاسی و نەتەوەیی و دیپلۆماسی و ئابووری و ئاوەدانی لە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزانیدا کە لە ٢٠٠٥/٦/١٢ سوێندی یاسایی خواردووە، دوور لە هەڵوێستی ئایدیۆلۆجی و پێشوەختە، بۆ مێژوو، شایەنی لێ وردبوونەوەو هەڵسەنگاندنی ئەکادیمی و سیاسیە.

بەو پێیەی کە تا ئەم ساتەوەختەش، کوردستان لە یەک کاتدا لەناو چەند قۆناغێکی هەستیار و ئاڵۆزدایە، بۆیە قسەکردن لەسەر سەرکایەتی بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا، ناکرێت لە دەرەوەی ناوکۆیی Contextی ئەو قۆناغانەدا باس بکرێت. ئەو قۆناغانەش بریتین لە:

١. قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان.

٢. قۆناغی گواستنەوە Transition in to Democracy لە دیکتاتۆریەتی پێش ١٩٩١ بۆ دیموکراسییەت، ئەم قۆناغەش بۆخۆی بەسەر چەند ستەیجێکی دیکەدا دابەش دەبێت، لەوانە کۆتایی هێنان بە دامەزراوەکانی دیکتاتۆری، دامەزراندنی دامەزراوەکان، بەهێزترکردنی دامەزراوەکانی دیموکراسی.

٣. قۆناغی دروست کردنی کیانی نەتەوەیی و نیشتمانی و دیموکراسی، State Building

لەم ڕوانگەیەوە، خودی سەرکردایەتی بارزانی لە سەرخستن و کاری بەردەوام بۆ ئەو قۆناغانە، بە تەنیا لە ٢٠٠٥/٦/١٢ـەوە دەست پێ ناکات و بە کۆتایی هاتنی سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی لە هەر کاتێک بێت، کۆتایی نایەت.

جەین شارپ لە کتێبی (From Dictatorship to Democ-racy) زۆر بە ڕوونی باس لە ڕۆڵی بوونی سەرکردەی خاوەن بینین و تێڕوانینە ستراتیژییەکان دەکات لە سەرخستنی گەیاندنی کۆمەڵگایەک لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراسییەت. سەرۆک مسعود بارزانی لە وتارێکی لە بەردەم پێشمەرگەکانی داستانی خواکورک کە بە جیهانبینییەکی ڕوونەوە باس لە گۆڕانکاری گەورە دەکات، کە لە ١٩٩١/٣/٢١ لە بەردەم جەماوەری کۆیە، وتارێک بۆ خەڵکی کوردستان پێشکەش دەکات و باس لە دیموکراسییەت و ئازادی و هەڵبژاردن و حوکمی گەل دەکات، کاتێک دەستبەرداری سەرکەوتنی حزبەکەی دەبێت لە ١٩٩٢ بۆ یەکڕیزی کوردستان، کاتێک ڕێگا نادات فیدرالی پارێزگاکان لە ٢٠٠٤ بە سەر کوردستاندا بسەپێنرێت، کاتێک ڕێگا نادات پێشمەرگە بە میلیشیا ناو ببرێت، کاتێک ڕێگا لە هاتنی هێزو سوپای تورکیا دەگرێت، کاتێک شەڕی کورد بە کورد حەرام دەکات و دەیکاتە کەلتوور بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان، کاتێک لە کەرکوک و شنگال و خانەقین ڕێگا لە سوپای عیراق دەگرێت و پێشمەرگە لەوێ جێگیر دەکات، کاتێک ناهێڵێت وشەی کەمینە بەرامبەر تورکمان و ئاشووری و کلدان و سریان و ئەرمەن بەکار بێت و بنەمای هاووڵاتی بوون دەکاتە بنەڕەتی حوکمرانی، هەموو ئەمانە، ئەو ڕوانگە ستراتیژییەن کە جەین شارپ لە کتێبەکەی خۆیدا بۆ بوونی ڕوانینی ستراتیژی باسیان لێوە دەکات.

جگە لەوەش، ساموێل هانتگتۆن، ٣ مەرجی سەرەکی دەکاتە بنەمای بنەڕەتی هێنانە ئارای دیموکراسی کە بریتین لە (هەڵوەشاندنەوە و نەهێشتنی دامەزراوەکانی سیستەمی دیکتاتۆری، دامەزراندنی دامەزراوە دەستوورییەکانی سیستەمی دیموکراسی، سەقامگیری و پێشکەوتن)، بەم پێودانگەش ڕۆڵی سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی هەر لە ١٩٩١ لە هێنانە ئارای ئەو پێشمەرجییانەی دیموکراسییەت، ڕۆڵێکی میحوەری بووە.

ئەگەر بە وردی، بنەما زانستییەکان بە تایبەتی لە بواری سیاسی و حوکمڕانی و دیپلۆماسی و پەیوەندی نێودەوڵەتی لەسەر کوردستان بخەینە گەڕ، تا بزانرێت بەپێی ئەو بنەمایانە، ئایا لە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانیدا، کوردستان پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیووە یان نا، ئەوا دەبێت لە سەرەتادا ئاماژە بەو بنەماو میتۆدانە بکەین، خودی چەمکی سەرۆکایەتی و ئیدارەدانی وڵاتێکی پێ دەپێورێت.

### ١. میتۆدی بەراوردکاری

ئەم میتۆدە، پشت دەبەستێت بە بنەماکانی بەراوردکردنی ئێستای شوێنێک بە ڕابردووی، بەراوردکردنی ئەم شوێنە بە شوێنەکانی دەوروبەری خۆی، ناسینەوەی دیاردەکانی ئێستای ئەو شوێنە Phenomenology و بەراوردکردنی بە خودی هەمان دیاردەکانی ئەو شوێنە لە ماوەی ڕابردوودا.

ئەگەر ئەم میتۆدە لەسەر کوردستان بەکار بێنین، بۆ هەڵسەنگاندنی ئێستای هەرێم و بەراوردکردنی بە ساڵی ٢٠٠٥ لە هەموو ڕوویەکەوە پێشکەوتن، بەردەوامی، هەڵکشانی پۆزەتیف لە ئاستی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دیموکراسی و دیپلۆماسی کوردستان بە ئاشکرا دەبینین.

دواتر بە داتا دێینە سەر نموونەکان.

### ٢. میتۆدی حوکمرانی باش Good Governance

ئەمەش پێوەر و میتۆدێکی گرنگی پڕ بایەخە، کە وڵاتێك، هەرێم و یان ناوچەیەکی پێ دەپێورێت لە ئیدارەدانی کۆمەڵێکی مرۆیی. ئەم میتۆدەش لەسەر چەند بنەمایەک ڕادەوەستێت، لەوانە:

- سەروەری یاسا Rule of Law
- کاریگەری دامەزراوەکان و تواناکانیان Effective and Efficiency
- هەمەلایەن و یەکسان Equitable and Inclusive

**لە کوردستان بە ڕێنوێنی و بە دواداچوونی بەردەوامی سەرۆک بارزانی بۆ دامەزراوەکانی ئاسایش و پێشمەرگە و پۆلیس و سەرجەم دامەزراوەکانی دیکە، توانراوە لەناوجەرگەی ناسەقامگیری عێراق و سوریا و تۆڕی قاعیدەو گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە، کوردستان پارێزراو بێت و کەشێکی سەقامگیری بۆ دابین بکرێت**

**لە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزانیدا، پرسی نەتەوەیی کورد نەک لە کوردستان و پەیوەست بە بەغدا پێشکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا، بەڵکو لە ئاست پارچەکانی دیکەی کوردستانیش سەرکەوتنی گرنگ و بەرچاوی هەبووە**

- وەڵامدەر Responsive
- ئاشکراگۆیی Transparency
- هەست بە بەرپرسیاری Accountable
- سازان و هاوڕایی Consensus Oriented
- هاوبەشی و بەشداری Partnership and Participation

بە هەمان شێوە، ئەم میتۆدەو بنەماکانی ئەگەر لەسەر کوردستان بەکار بهێنرێت بۆ زانینی ئاستی پێشکەوتنی هەرێم لە سایەی سەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزانیدا، بە روونی سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی دەتوانرێت لێ هەڵبهێنجرێنێت. بۆ ئەوەی دیدگاکان، ئۆبجێکتیڤ بن و دوور بن لە هەڵوێستی ئایدۆیۆلۆجی، ناکرێت ئەوەش نادیدە بگیرێت، کە رەنگە ئەوەی هەم سەرۆک بارزانی بۆخۆی لە بەرنامەی سەرۆکایەتی خۆیدا خوازیاری بووەو ئەوەشی کە خەڵکی کوردستان چاوەڕێی بووە هەمووی وەک خۆی نەهێنرابێتە دی، بەڵام هەروەک ئۆلف پاڵمە دەڵێت((سیاسەت هونەری پیادەکردنی ئیرادەیە)) سەرۆک بارزانیش ئیرادەی نەگۆڕ و بەهێزی هەبووەو بەرچاوی روون بووە لە وەدیهێنانی زۆرترین دەستکەوت بەپێی پێوەرەکانی حوکمڕانی باش لە ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمدا. دواتر لە چەند تەوەرێکدا، دێینە سەر ئەو دەستکەوتانە.

١. میتۆدی دەوڵەتە شکست خواردووەکان Failed States

ئەم میتۆدە کە لەسەر چەند بنەمایەک رادەوەستێت و بە هۆیەوە وڵاتێك یان ناوچەیەکی پێ دەپێورێت تا بزانرێت ئایا ئەو شوێنە وڵاتێکی شکست خواردووە یان نا. بنەماکانی ئەم میتۆدەش بریتین لە:

- ئایا لە ناوخۆدا ئاوارەی ناوخۆیی هەیە؟
- گوشاری دانیشتووان چەندە؟
- نیگەرانی زۆری خەڵك و خراپی گوزەران چۆنە؟
- پێشکەوتنی نا یەکسان چەندە؟ واتە ئایا تەنیا یەک شوێن پێشکەوتووەو شوێنەکانی دیکە دواکەوتوون؟
- گەشتی مرۆیی لە چ ئاستێکدایە، هاتن و چوونی خەڵکی بۆ ئەو شوێنە چۆنە؟
- خراپی باری ئابووری و بژێوی چۆنە؟
- شەرعییەتی دەسەڵاتی سیاسی چۆنە؟ واتە ئایا هەڵبژاردن هەیە یان ئینقیلابی سەربازی هەیە؟
- خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە چ ئاستێکدان؟
- مافەکانی مرۆڤ لە چ ئاستێکدان؟ ئایا زیندانی سیاسی هەیە یان نا؟
- ئایا دامەزراوە ئەمنییەکان لە خزمەتی هاووڵاتیانن یان سەرکوتکاری هاووڵاتیان؟
- بڵاوبوونەوەی مافیاکان لە چ ئاستێکدان؟
- دەستییێوەردانی دەرەکی هەیە؟ چۆنە؟

بەم شێوەیە، ئەگەر یەک بە یەکی ئەو پێوەرانە لەسەر کوردستان لە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانیدا جێبەجێ بکەین، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە نەک کوردستان ناچێتە ناو لیستی وڵاتانی شکست خواردوو، بەڵکو بە یەکێك لە وڵاتە سەرکەوتووەکان دادەنرێت. ساڵانە، لە گۆڤاری Foreign Policy ئیندیکسێکی وڵاتانی شکستخواردوو بڵاو دەکرێتەوە، بەو پێیە چەند ساڵێکە فینلەندا، دانیمارک، سوید یەک بە دوای یەک لە وڵاتە هەرە سەرکەوتووەکانی جیهانن و وڵاتانی دیکەی وەک، سۆمال، ئەفغانستان، چاد، سودان، یەک بە دوای یەک لە وڵاتە هەرە شکست خواردووەکانی جیهانن. ئەگەر ئەو پێوەرانە لەسەر بەشە عەرەبییەکەی عیراق بەکار بێنین، دەردەکەوێت کە ئەو بەشە، دەبێتە وڵاتێکی شکست خواردوو، بۆیە بە گوێرەی ئیندیکسەکە، لە ساڵی ٢٠١٢ عێراق بە پێنجەم وڵاتی شکست خواردوو دانراوە. بەڵام، بەوپێیەی لە کوردستاندا، ئاوارەی ناوخۆیی نییە، دەسەڵات بە ئینقیلاب نەهاتووەو بە هەڵبژاردن هاتووە، دەستێوەردانی دەرەکی نییە، هەوڵدراوە تەنیا سەنتەری شارەکان پێشنەکەون بە تەنیا و ئاوەدانکردنەوەی نزیکەی ٤٠٠٠ گوندو خزمەتگوزاری گەیاندن بە گوندو شارۆچکەو کۆمەڵگاو ناحیەو قەزاکان و کردنەوەی زانکۆ یان کۆلێژەکانی سەر بە زانکۆکان لە هەڵەبجە، کەلار، رانیە، سۆران و ئاکری و زاخۆو کۆیە، بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی، فراوان بوونی گەشتی هاووڵاتیانی کوردستان بۆ دەرەوە، هاتنی زۆری بیانییەکان بۆ کوردستان بۆ کارکردن و کۆمپانیا بیانییەکان، بوونی چەندین هێڵی ئاسمانی ناسراو دوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی و پرۆژەی دروستکردنی فڕۆکەخانەی دهۆک نموونەی زیندووی گەشتی مرۆیین. لە هەمووی گرنگتر نەبوونی زیندانی سیاسیە لە کوردستان، واتە یەک کەس لە کوردستان لە سەر بیروبۆچوونی سیاسی خۆی نەگیراوە، رەنگە هەندێك بڵێن کەسانی سەر بە لایەنە سیاسیە ئیسلامیەکان یان ئەندامانی پارتی و یەکێتی و لایەنی دیکەش گیراون، هەموو ئەوانە، یان لەسەر تاوانێك یان بەشدار بوون لە تۆڕێکی تیرۆریستی یان سیخوری گیراون نەک لە سەر بیروباوەڕی سیاسیان. لەو رووەشەوە وێڕای تێبینییەکان، بەڵام راپۆرتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەن بۆ باشتربوونی رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان.

لە کاتی بەشداری کردنی سەرۆک بارزانی لە مونتەدای داڤۆس کە لە ٢٣-٢٠١٣/١/٢٧ لە سویسرا بەڕێوەچوو، Peter Maurer سەرۆکی رێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی ICRC لە کاتی دیداری سەرۆک بارزانیدا رایگەیاند، کە وەک ICRC زۆر سوپاسی سەرۆک بارزانی دەکەن بۆ ئەو هەموو هاوکاری و ئاسانکارییەی کە بۆ تیمەکانیان دابین کراون لە کوردستان و ئەو ئازادییەی کە لە کوردستان هەیەو ئەو سەرکەوتنەی کە دیموکراسییەتی کوردستان هەیەتی بەوەی کە هیچ زیندانیێکی سیاسی لە کوردستاندا نییە.

ئەگەر بەپێی مەرجەکانی هانتنگتۆن بێت بۆ هێنانەئارای دیموکراسی کە سەقامگیری، یەک لە مەرجە بنەڕەتییەکانە، هەروەها بوونی کاری پرۆفێشناڵی دامەزراوە ئەمنییەکان، ئەوا لە کوردستان بە رێنوێنی و بە دواداچوونی بەردەوامی سەرۆک بارزانی بۆ دامەزراوەکانی ئاسایش و پێشمەرگە و پۆلیس و سەرجەم دامەزراوەکانی دیکە، توانراوە لەناوجەرگەی ناسەقامگیری عێراق و سوریا و تۆڕی قاعیدەو

**سەرۆک بارزانی زۆر بە باوەڕ بە خۆبوونەوە بەوەی کە شەڕ کۆتایی بە دۆزی کورد لە باکوور ناهێنێ و چارە ناکرێت، رێگەی نەدا، هیچ کام لەو رێکارانە بگیرێتە بەر، تا هەردوولایەن، پەکەکەو تورکیای گەیاندە ئەو باوەڕەی دیالۆگ بکەن و ئاگربەست هەبێت و کار بۆ ئاشتی بکەن**

گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە، کوردستان پارێزراو بێت و کەشێکی سەقامگیری بۆ دابین بکرێت و بەم هۆیەشەوە، سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیش دابین بکرێت. لە ٢٠٠٥/٦/١٢ کە سەرۆک بارزانی لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرا تا ٢٠٠٩/٧/٢٥ راستە چەند کردەوەیەکی تیرۆریستی خۆکوژی لە هەولێر لەلایەن گرووپە تیرۆریستیەکانەوە جێبەجێ کرا، بەڵام بە هەوڵ و ماندووبوونی ئاسایش و پاراستن و دژە تیرۆر، سەرجەمیان ئاشکرا کران و مامەڵەی یاساییان بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی کوردستان لەگەڵ کراوە. شانازی و سەرکەوتنێکی گەورەیە کە لە مانگی ٢٠٠٧/٦ـەوە تا ئێستا تیرۆریستەکان نەیانتوانیوە لە یەک هەوڵیش بۆ زەفەربردن بە ئاسایشی هەرێم سەرکەوتوو بن. ئەمەش بەو مانایە نییە کە هەوڵیان نەداوە، بەپێی زانیاری دامەزراوە ئەمنییەکان، بەلای کەمەوە لە ٢٠٠٧ تا ئێستا ٨ کردەوەی تیرۆریستی گەورە پوچەڵ کراونەتەوە. ئەمەش ئەگەر بەراورد بکرێت بە شارێکی وەک نیویۆرک کە هەر ١٨ کاتژمێر جارێک کەسێک دەکوژرێت، کوردستان بە گشتی، یەک لە دەستکەوتە هەرە گرنگ و ستراتیژییەکانی ئەو سەقامگیرییە ئەمنییەیە کە بۆ خەڵك فەراهەم کراوە.

پاش خستنەڕووی ئەم میتۆدانەو هێنانەوەی بۆ خەرمانەی پڕ لە دەستکەوتی سەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزانی، پێویستە ئاماژە بە چەند لایەنێکی دیکەش بکەین، لەوانە:

## سەرکەوتن لە ئاست پرسە نەتەوەییەکان

لە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزانیدا، پرسی نەتەوەیی کورد نەک لە کوردستان و پەیوەست بە بەغدا پێشکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا، بەڵکو لە ئاست پارچەکانی دیکەی کوردستانیش سەرکەوتنی گرنگ و بەرچاوی هەبووە.

پاراستنی ئیرادەو کەرامەتی کورد لە ناوچەکە، بەهێزترکردنی باوەڕبەخۆبوونی کورد لە بەرامبەر نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکەی ناوچەکە، نەهێشتنی هەستی خۆ بە کەمتر زانینی کورد لە بەرامبەر نەتەوەکانی دیکە، هەموو ئەمانەش لە سەر بنەمای نەتەوەپەروەری نەک نەتەوەپەرستی شۆڤێنی، واتە سەرۆک بارزانی ستراتیژ و گوتارێکی نەتەوەیی پێشکەوتووخوازانەی کردووەتە بنەما لە پاراستنی نەتەوەی کورد نەک ئەوەی کورد خۆی لە نەتەوەی دیکە بە سەرووتر بزانێت، هەروەک چۆن کاری بەردەوامی کردووە کە کورد خۆی لە نەتەوەی دیکە بە کەمتر نەزانێت.

نموونەی ئەوکارانەی کە سەرۆک بارزانی لەم رووەوە ئەنجامی داوە لە ماوەی سەرۆکایەتی کردنی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا:

- دەرکردنی بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم بۆ داگرتنی ئاڵای عێراقی سەردەمی بەعس کە لە هەندێك شوێنی کوردستان هەڵدەکران بە تایبەتی کە لە دوای ٢٠٠٣ لە سلێمانی و گەرمیان هەبوو، بەڵام لە هەولێر و دهۆک تەنیا ئاڵای کوردستان هەڵدەکرا، ئەمەش دەلالەتی گرنگی هەیە لە بەهێزترکردنی هۆشیاری نەتەوەیی.
- لە پرسی کاندیدکردنەوەی بەڕێز جەلال تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار پاش رێککەوتنی هەولێر کە لە ئۆکتۆبەر و نۆڤۆمبەری ٢٠١٠ لە هەولێر کراو بە هۆیەوە حکومەتی عێراق دروست کرایەوە، ئەوکات پێداگیرییەکی زۆری ئەمریکاو وڵاتانی عەرەبی و ئیقلیمی هەبوو، کە مام جەلال یان کوردێک ئەو پۆستە وەرنەگرێت و لەبری ئەوە کورد پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێت. لەم رووەوە لە کتێبی The End Game، The Inside Story of the Struggle for Iraq، From George W. Bush to Barack Obama کە لە لایەن هەریەک لە Michael R.Gordon and General Bernard E.Trainor نووسراوە، بە روونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە چۆن سەرۆک بارزانی نەچووەتە ژێر باری ئەو گوشارانەی ئەمریکا و لە وەڵامی ئەمریکییەکان سەرۆک بارزانی رایگەیەندووە((ئەو پۆستە ئیستیحقاقی نەتەوەیی کوردە لەعێراق، ئەگەر تێبینیتان هەیە لەسەر مام جەلال، ئێمە قەناعەتی پێ دەکەین، بەڵام ئەگەر ناتانەوێت کوردێک ئەو پۆستە وەربگرێت، ئەوە مەحاڵە ئێمە قبوڵی بکەین و هەردەبێت ئەو پۆستە بۆ کورد بێت، چونکە ئەو پۆستە رەمزی بەشداری و شەراکەتی کوردە لەعێراق)).
- لە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانیدا، پرسی مافی چارەی خۆنووسینی کورد و هەقانییەتی سەربەخۆیی و زەمینەسازی بۆ سەربەخۆیی، یەک لەو بابەتە هەرە گرنگانە بووە کە کاری لەسەر کراوە. ئەم پرسە، لە بابەتێکی تابوو – حەرام- کرایە پرسێك کە کاری لە سەر بکرێت و زەمینەسازی بۆ بکرێت و تەدارەکی بۆ ئامادە بکرێت.
- مکوڕ بوونی سەرۆک بارزانی لەسەر هەڵوێستی نەتەوەیی کوردستانیانە بۆ رێگرتن لە لەشکرکێشی تورکیا و رەتکردنەوەی دەستێوەردانی تورکیا لە کاروباری کەرکوک و راگەیاندنی ئەوەی کە ئەگەر تورکیا بە مافی خۆی بزانێت دەست لە کاروباری تورکیا وەربدات، ئێمەش ئەو کات مافی خۆمانە دەست بخەینە ناو دیاربەکر. گۆڕینی ئەم هاوکێشەیە بەجۆرێک وا لە تورکیا بکات لە هەڕەشەی سەربازییەوە لە شوباتی ٢٠٠٨، قۆناغی نوێ لەگەڵ کوردستان بکاتەوە و کونسولگەری بکاتەوە و سەرۆک وەزیرانی تورکیا بێتە هەولێر لە مانگی ٢٠١١/٣ و لە ژێر ئاڵای کوردستان رایبگەیەنێت کە ئەو سەردەمە بەسەرچوو، ئینکاری بوونی کورد بکرێت.
- حەرامکردنی شەڕی کورد- کورد یەکێکی دیکەیە لە دەستکەوتە نەتەوەییە هەرە گرنگەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی لە ماوەی سەرۆکایەتیدا، نەچوونە ژێر باری تورکیا و ئەمریکاو هەندێک جار عێراقیش بەوەی یان هەرێم بە تەنیا شەڕی پەکەکە بکات، یان بە هاوبەشی لەگەڵ تورکیا، یان رێگا بدرێت تورکیا بە تەنیا لە هەرێمەوە پەلاماری قەندیل بدات و شەڕی فراوان دژ بە پەکەکە ئەنجام بدرێت. سەرۆک بارزانی زۆر بە باوەڕ بە خۆبوونەوە بەوەی کە شەڕ کۆتایی بە دۆزی کورد لە باکوور ناهێنێ و چارە ناکرێت، رێگەی نەدا، هیچ کام لەو رێکارانە بگیرێتە بەر، تا هەردوولایەن، پەکەکەو

**مکوڕ بوونی سەرۆک بارزانی لەسەر هەڵوێستی نەتەوەیی کوردستانیانە بۆ رێگرتن لە لەشکرکێشی تورکیا و رەتکردنەوەی دەستێوەردانی تورکیا لە کاروباری کەرکوک و راگەیاندنی ئەوەی کە ئەگەر تورکیا بە مافی خۆی بزانێت دەست لە کاروباری تورکیا وەربدات، ئێمەش ئەو کات مافی خۆمانە دەست بخەینە ناو دیاربەکر**

**چوونی سەرۆک بارزانی بە جلی پێشمەرگانەوەو زمانی کوردی بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورد لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ کۆشکی سپی لە ئەمریکا و دیداری لەگەڵ جۆرج بوش، هەست و ئیرادەی نەتەوەیی کوردی بردە ئاستێکی باڵاتر**

**بەهۆی سیاسەتی چەوتی رژێمی سوریا بەرامبەر بە کورد، سەرۆک بارزانی ئامادە نەبوو پێشوازی لە وەلید موعەلیمی وەزیری دەرەوەی سوریا بکات، هەر ئەمەش لە ناو رۆژئاوای کوردستان بە یەکێک لە هەڵوێستە هەرە بەهێزەکانی سەرکردایەتی کورد دانرا**

**سەرۆک بارزانی توانی لە کاتی سەرۆکایەتی هەرێمدا، هەموو لایەنە سیاسیەکانی هەرێم و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان، لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی هەرێم بەشداری پێ بکات و بەرپرسیارێتی نیشتمانی و نەتەوەیی، بە سیاسەتی پێکەوەیی ئیدارە بدات**

تورکیای گەیاندە ئەو باوەڕەی دیالۆگ بکەن و ئاگربەست هەبێت و کار بۆ ئاشتی بکەن. سەرۆک بارزانی چەندین جار ئەوەی رەتکردۆتەوە پەکەکە بە تیرۆریست بناسێنرێت، زەمینەیەکی گرنگی رەخساند کە پرۆسەی دیالۆگی لێ بکەوێتەوە.

• چوونی سەرۆک بارزانی بە جلی پێشمەرگانەوەو زمانی کوردی بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورد لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ کۆشکی سپی لە ئەمریکا و دیداری لەگەڵ جۆرج بوش، هەست و ئیرادەی نەتەوەیی کوردی بردە ئاستێکی باڵاتر.

• لە پاش ٢٠٠٥ سەرۆک بارزانی چەندین جار لەلایەن بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا بانگهێشت کرابوو کە سەردانی ئەو وڵاتە بکات، بەڵام بەهۆی هەڵوێست و پەلاماری ئەو رژێمە بۆ کوردانی رۆژئاوا لە رووداوەکانی قامیشلۆ لە ٢٠٠٤، سەرۆک بارزانی ئەو بانگهێشتانەی رەتکردەوە. تەنانەت پاش شۆڕشی گەلانی سوریا و راپەڕینەکان کە لە مانگی ٢٠١١/٣ دەستیان پێکرد، چەند جارێك وەلید موعەلیمی وەزیری دەرەوەی سوریا هاتە بەغدا و داوای کردبوو بێتە کوردستانیش، بەڵام بەهۆی سیاسەتی چەوتی رژێمی سوریا بەرامبەر بە کورد، سەرۆک بارزانی ئامادە نەبوو پێشوازی لێ بکات. هەر ئەمەش لە ناو رۆژئاوای کوردستان بە یەکێک لە هەڵوێستە هەرە بەهێزەکانی سەرکردایەتی کورد دانرا.

• کارکردنی سەرۆک بارزانی لە یەکخستنی ١١ پارتی کوردی رۆژئاوای کوردستان لە چوارچێوەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی و دواتر هێنانی پەیدە و پێکەوە دروستکردنی دەستەی باڵای کورد لە مانگی ٢٠١٢/٧ و رێککەوتنی هەولێر و کۆمەک گەیاندن بە برایانمان لە رۆژئاوای کوردستان و کردنەوەی سنوورەکانی کوردستان لە بەردەم کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان کە تا کاتی نووسینی ئەم وتارە گەیشتووەتە ١٥٥ هەزار پەنابەر، رێگە گرتن لەوەی کوردی سوریا شەڕی خۆ بە خۆ بکەن، هاوکاری دیپلۆماسی و ئیعلامی و ئابووری بۆ کوردستانی رۆژئاوا، مەڵۆیەکی دیکە بوون بۆ سەر خەرمانەی دەستکەوتەکانی سەرۆک بارزانی لە پرسە نەتەوەییەکاندا.

• کارکردنی سەرۆک بارزانی بۆ زەمینەسازی سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانی بۆ هەموو پارتە کوردستانییەکانی هەرچوار پارچەکەو کارکردن بۆ گرتنەبەری دیسکۆرسی ئاشتی کورد لە ناوچەکەدا، ئەو پرۆسە بەردەوامەیە کە سەرۆک بارزانی کاری لەسەر کردووە.

• هەر پەیوەست بە پرسی نەتەوەیی، بە تایبەت لە پێوەندی نێوان کوردستان و بەغدا، سەرۆک بارزانی رۆڵی میحوەری گێڕاوەو هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی هەبووە لە بەردەم ئەوەی کە کەرامەتی تاکی کوردستانی نەشکێنرێت، سنووری کوردستان نەبەزێنرێت و رێگە نەدرێت ئیرادەی هێزی لایەنەکانی دیکە بەسەر کورد دا بسەپێنرێت، لەو نموونانەش، جەنابی سەرۆک بارزانی بوو رێگای نەدا، لە (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت، لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٤، فیدرالیەتی پارێزگاکان جێگیر بکرێت و توانی فیدرالیەتی کوردستان وەک یەک ناوچەی جیۆگرافی نەتەوەیی بپارێزێت و جێگیری بکات و دواتریش لە دەستوور جێگیر بکرێت. سەرۆک بارزانی توانی رووبەڕووی ئەمریکیەکان و لایەنەکانی دیکەش ببێتەوە بەوەی نەهێڵێ پێشمەرگە لەناو دەستوور و یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە میلیشیا ناو ببرێت، سەرۆک بارزانی رێگای نەدا لە رێگای هێزی سەربازی حکومەتی عێراق، واقیعێکی ئەمنی و عەسکەری بەسەر کەرکوک لە قیادەی عەمەلیاتی دیجلەو لە شنگال بەهۆی قیادەی عەمەلیاتی جەزیرەو لە خانەقین لە ٢٠٠٨ بە هۆی لەشکرکێشی، بسەپێنرێت و فەرمانی کرد و پێشمەرگە لە هەموو ئەو ناوچانە نەک هەر رێگرییان لە هێزەکانی عێراق کرد، بەڵکو توانرا لەو ناوچانەش بە رێژەیەکی باش و لە رووی ستراتیژی سەربازییەوە لە ناوچەی هەستیار جێگیر بکرێن. هەرلەم کاتانەدا بوو، بە داخەوە، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان، ئەو رووداوانەیان بە سیناریۆ وەسف دەکرد.

• سەرۆک بارزانی توانی لە کاتی سەرۆکایەتی هەرێمدا، هەموو لایەنە سیاسیەکانی هەرێم و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان، لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی هەرێم بەشداری پێ بکات و بەرپرسیارێتی نیشتمانی و نەتەوەیی، بە سیاسەتی پێکەوەیی ئیدارە بدات، نموونەش دروستکردنی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان، کۆبوونەوە بەردەوامەکانی لەگەڵ سەرجەم لایانە سیاسیەکان، مەودای بەشداری و هەست بە بەرپرسیارێتی لە کوردستان فراوانتر کرد.

• سەرۆک بارزانی توانی لە دابەش بوونی ئیدارەی کوردستان لە نێوان ئیدارەی هەولێر و ئیدارەی سلێمانی حکومەتی کوردستان، هەم ئیرادەو هەم ئیدارەش بە جۆرێك یەک بخات، کە گوتار و کرداری سیاسی کورد لە دوای ٢٠٠٥ لە چوارچێوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، لە بەرامبەر هەموو پرسەکاندا یەکگرتوویی و یەکڕیزی بۆ کوردستان بەدی بهێنێت.

• سەرۆک بارزانی بۆ هەرچی زیاتر پاراستنی یەکڕیزی ناوخۆیی خەڵکی کوردستان، هەمیشە جەختی لە سەروەر بوونی یاسا و پرەنسیپە دیموکراسییەکان و میللەت سەروەری کردۆتەوە، تەنانەت لە کاتی رووداوەکانی سلێمانی کە لە ٢٠١١/٢/١٧ بە بەلاڕێدابردنی خۆپیشاندەران و پەلاماردانی بارەگای لقی٤ دەستی پێکردو دواتر بۆ ماوەی دوو مانگ بەردەوام بوو و بە داخەوە چەندین هاووڵاتی و پۆلیس شەهیدو بریندار بوون، سەرۆک بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە ئەوانەی هاندانیان کردووە بۆ توندوتیژی و خۆپیشاندەرانیان بە لاڕێدا برد و پەلاماری بارەگاکانیان داوەو ئەوانەی بەرپرس بوون لە تەناهی و ئارامی، کەمتەرخەمییان کرد لە پاراستنی رێڕەوی خۆپیشاندەران و ئاسایشی بارەگاکان و ئەوانەی تەقەیان کرد، دەبێت پێکەوە دادگایی بکرێن. بەهەمان شێوە بۆ رووداوەکانی ٢٠١١/١٢/٣ی دهۆک و زاخۆ، سەرۆک بارزانی بۆ سەروەری یاسا بە هەمان شێوە، ئەوانەی لە ریزی لایەنەکانی ئیسلامی سیاسی بەتایبەت یەکگرتووی ئیسلامی هاندانیان

کردبوو بۆ پەلاماردانی شوێنەکانی گەشتیاری و موڵک و ماڵی هاووڵاتیان و ئەو ئەندام و بەرپرسانەی پ.د.ک کە لە خۆڕا کاردانەوەیان هەبووەو پەلاماری بارەگاکانیان دابوو، بە پێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و کەمتەرخەم و ئەنجامدەران بدرێنە دادگا و حکومەتی هەرێم قەرەبووی زیانی شوێنەکان و بارەگاکان بکاتەوە.

**سەرکەوتنە دیپلۆماسییەکان و سیاسەتی دەرەوەی هەرێم لە سایەی سەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزانیدا**

سەرۆک مسعود بارزانی توانی، لە کاتی دەست بەکاربوونی لە ٢٠٠٥/٦/١٢ـەوە لە ئاستی دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوەی کوردستان، سەرکەوتنی بەرچاو و گرنگ، بۆ کوردستان بە دەست بهێنێت.

ئەو پرەنسیپە بنەڕەتیانەی کە سەرۆک بارزانی لە دیپلۆماسییەت و سیاسەتی دەرەوەی هەرێمدا ڕەنگرێژی کردن، بوونە بنەما بۆ کاری حکومەتی کوردستان و پێگەی هەرێم لە ئاست سیاسەتی ناوچەیی و جیهانیدا، لەوانەش:

((پرەنسیپی بەرژەوەندی هاوبەش، هاوسەنگی لە پێوەندییەکان، کرانەوە، بێلایەنی پۆزەتیڤ، پراگماتیزم و بوونی جیهانبینی و خۆنەدانە دەست قەدەر، پرەنسیپی یەکەم شت کوردستان)).

ئەم پرەنسیپانە بوونە ناسنامەی سیاسەتی دەرەوەی کوردستان لە سایەی سەرۆکایەتی بارزانیدا، بە جۆرێك کە کاردانەوەی پۆزەتیڤی نەک لە سەر کوردستان بەجێهێشت بەڵکو، پێگەیەکی گرنگی جیۆپۆلیتیکی بۆ کوردستان دەستەبەرکرد. سەرۆک بارزانی توانی لە ئیدارەدانی سیاسەتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان کوردستان و ئەوانی دیکە مامەڵە بکات، واتە هەر جووڵەیەک دەبێت بزانرێت کامە بەرژەوەندی کوردستانەو لەو پەیوەندییە چۆن ئەوبەرژەوەندییانە دەپارێزرێن یان پێش دەخرێن، ئەمەش بەو مانایەی کە سەرۆک بارزانی نەیهێشتووە هیچ پێوەندییەک لەسەر حیسابی بەرژەوەندیەکانی کوردستان بوویێت یان بەرژەوەندی ئەوانی دیکە لەچاو بەرژەوەندی کوردستان زیاتر لەبەرچاو گیرابێت. لە بابەتی هاوسەنگیشدا، لە سیاسەتی دەرەوەی هەرێم، سەرۆک بارزانی نەیهێشتووە پێوەندییەکان بە جۆرێك بن کە خەڵکی دیکە بەرامبەر کوردستان باڵاتر بڕوانن یان ئەوان باڵادەستر خۆیان بنوێنن یان پەیوەندییەکان لەسەر ئەوە بوویێت کە تابع و مەتبوعە. لە پرسی بێ لایەنی پۆزەتیڤدا، سەرۆک بارزانی لە ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی دەرەوەی هەرێم، کوردستانی نەکردۆتە بەشێك لە هیچ کام لەو کامپ و بلۆکبەندییە ئایدیۆلۆژی، سیاسی، مەزهەبییەی کە لە ناوچەکەدا هەیە. هەروەها پراگماتیزم بوون، لە سەر بنەمای دەستکەوتی زیاتر بۆ کوردستان بەبێ ئەوەی لەسەر حیسابی بەهاکان بێت، تەوەرێکی دیکەی سیاسەتی دەرەوەی کوردستان بووە. بوونی بەرنامەو جیهانبینی و خۆنەدانەدەست قەدەر و سیاسەتی کرانەوەو فرە ڕەهەند و فرە ئاراستە، سیمایەکی دیکەی ئەو دەستکەوتانەن کە لە رووی دیپلۆماسییەوە، سەرۆک بارزانی بۆ کوردستانی هێنانە ئارا. دوایین پرەنسیپ کە لە سەرۆکایەتی بارزانیدا ڕەنگی دایەوە ئەوە بووە کە لە هەموو پێوەندییە دیپلۆماسییەکاندا، دروشمی ئێمە ئەوە بووە کە یەکەم شت لامان گرنگ بێت کوردستانە.

ئەم جیهانبینی و سیاسەتە بۆ پێوەندی دیپلۆماسی و کرانەوە بە رووی جیهانی دەرەوەدا، هەم لەسەر ئاستی پارادیپلۆماسی و پرۆتۆ دیپلۆماسی، کە دوو ئاستی دیپلۆماسی پێکهاتە نادەوڵەتیەکانی ناو زانستی پێوەندی نێودەوڵەتین، سەرۆک بارزانی توانی دەستکەوت و سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێت، لەوانە:

أ. لە ماوەی ٨ ساڵدا، ٧ جار سەرۆکی ئەمریکا ببینێت و کۆببێتەوە لەگەڵیان، ٥ جار لەگەڵ جۆرج بوش و دوو جار لەگەڵ باراک ئۆباما، لەوەش ٤ جاریان لە کۆشکی سپی بووە.

ب. ٣ جار پاپای ڤاتیکان پێشوازی لە سەرۆک بارزانی کردووە، بەپێی پرۆگرامی ڤاتیکان کاتی چاوپێکەوتنەکانی پاپا لە ١٥ تا ٢٠ دەقیقە لەگەڵ سەرۆک وڵاتان تێپەڕنابێت، بەڵام لە دیدارێکی جەنابی سەرۆک لەگەڵ بینەدیکتی یەکەم، پاپای پێشوو، بۆ خۆی داوای لە سەرۆک بارزانی کردبوو کە زیاتر بمێنێتەوە باسی بارودۆخی عێراق و ناوچەکەی بۆبکات لەبەر ئەو گرنگییە کە سەرۆک بارزانی لە ناوچەکەدا هەیەتی و بەمەش کۆبوونەوەکەیان بۆ ٤٥ دەقیقە درێژ بووبویەوە.

ت. دیدارەکانی سەرۆک بارزانی لە بەریتانیا، ئەلمانیا، ئیتالیا، فەرەنسا، روسیا، تورکیا، ئێران، ئیرلەندا، بولگاریا، سعودیە، میسر، ئوردن، ئیمارات، کوەیت، قەتەر، یەکێتی ئەوروپا، بەلجیکا، نەمسا، یۆنان و چەندین وڵاتی دیکەش لەگەڵ سەرۆک و رابەرانی ئەو وڵاتانە، ئاماژەی گرنگی پاراستنی پێوەندی هاوسەنگ و فرە ئاراستەن کە سەرۆک بارزانی لە سیاسەتی دەرەوەی هەرێمدا ڕەنگرێژی کردووە.

ث. لە ٢٠٠٥/٦/١٢ کە سەرۆک بارزانی سوێندی یاسایی خوارد، هیچ کونسڵگەریی و نوێنەرایەتیەک لەکوردستان نەبوو، ئێستا تا کاتی نووسینی ئەم وتارە ٢٧ نوێنەرایەتی و کونسڵگەریی لە کوردستاندا کراوەتەوە.

ج. لە رووی جیۆستراتیژیەوە، سەرۆک بارزانی توانی لە ماوەی سەرۆکایەتی خۆیدا، پێگەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە فاکتەری کارتێکراوەوە Affected Factor بگۆڕێت بۆ فاکتەری کارتێکەر و کاریگەر Effective Factor لە هاوکێشەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بە دەربڕینێکی دیکە سەرۆک بارزانی توانی، ئەگەر لە دەیان ساڵی رابردوودا لەدوای سایکس بیکۆوە، یاری بە کورد کرابێت، ئەوا ئێستا کورد بۆ خۆی بووەتە گەمەکەرێکی بنەڕەتی ناوچەکە.

ح. لە ماوەی سەرۆکایەتی بارزانیدا، کۆبوونەوەی پەرلەمانی وڵاتانی عەرەبی هێنرایە هەولێر و کۆنگرەکەیان لێرە ئەنجامدا.

خ. بە هەمان شێوە لە ٢٠١٣ کۆنگرەی سەرۆک زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی کە لە نزیکەی ٢٥٠ زانکۆوە هاتبوون لە هەولێری پایتەختی کوردستان ئەنجامدرا.

بوونی بەرنامەو جیهانبینی و خۆنەدانەدەست قەدەر و سیاسەتی کرانەوەو فرە ڕەهەند و فرە ئاراستە، سیمایەکی دیکەی ئەو دەستکەوتانەن کە لە رووی دیپلۆماسییەوە، سەرۆک بارزانی بۆ کوردستانی هێنانە ئارا. دوایین پرەنسیپ کە لە سەرۆکایەتی بارزانیدا ڕەنگی دایەوە ئەوە بووە کە لە هەموو پێوەندییە دیپلۆماسییەکاندا، دروشمی ئێمە ئەوە بووە کە یەکەم شت لامان گرنگ بێت کوردستانە

**سەرکەوتنی سەرۆک بارزانی و ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لەفراوانبوونی کەرتی نەوت و هاتنی ٣٦ کۆمپانیای نەوت لە ١٨ وڵاتی جیاجیاوە، لەوانەش کۆمپانیا گەورەکانی وەک ئیکسۆن مۆبیل، شیڤرۆن، تۆتاڵ، گازپرۆم و دەرخستنی بوونی نزیکەی ٤٥ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگ لە کوردستان کە بەبێ عێراق کوردستان دەبێتە نۆیەم وڵاتی یەدەگی نەوتی جیهان**

د. لە مانگی ٢٠١١/٤ کۆنگرەی نێودەوڵەتی لاوانی IYDU کە نوێنەرایەتی زیاتر لە ٦٠ ڕێکخراوی لاوانی پارتە دیموکراتەکانی جیهان بوون لە هەولێر ئەنجامدرا.

**پێشکەوتن و دەستکەوتە ئابووری و ئیدارییەکانی کوردستان لە ٢٠٠٥/٦/١٢ـەوە**

گەشەسەندن و پێشکەوتنە ئابووریەکانی کوردستان لە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزانیدا کە خۆی لە کارو بەرنامەی کابینەکانی ٥ و ٦ و ٧ی حکومەتی کوردستان دەبینێتەوە، زۆر دیار و بەرچاون، وێڕای ئەوەی کە کوردستان وێرانەیەکی زۆری بەسەردا هاتووە و توانا ماددیەکانی هەرێمیش سنوردار بوون. لەو دەستکەوت و پێشکەوتنە ئابووریانە:

a- لە ساڵی ٢٠٠٥ داهاتی تاکەکەس لە کوردستان، بەپێی ئامارە نێودەوڵەتییەکان نزیکەی ٤٥٠ دۆلار بووە، لە ساڵی ٢٠١٢ داهاتی تاکەکەس بووەتە ٥٣٠٠ دۆلار.

b- لە ساڵی ٢٠٠٥ ڕێژەی بێکاری لە کوردستان نزیکەی ١٨٪ بووە، ئێستا لە ٢٠١٣ بووەتە تەنیا ٦٪.

c- ڕێژەی گەشەی ئابووری لە ٢٠٠٥ نزیکەی ١٪ بووە، ئێستا بەپێی ئامارە نێودەوڵەتیەکان ١١٪یە.

d- ڕێژەی هەژاری، واتە بەپێی ستاندەری نێودەوڵەتی کە هەر کەس ئەگەر داهاتی ڕۆژانەی لەیەک دۆلار کەمتر بێت لە خوار هێڵی هەژاری دادەنرێت، لە ٢٠٠٥ لە کوردستان نزیکەی ١٤٪ بووە، ئێستا تەنیا ٣٪یە، بە جۆرێک لە شارێکی وەک بەغدا ڕێژەی هەژاری ٢٣٪یە، لە هەندێک لە پارێزگاکانی باشووری عێراق دەگاتە نزیکەی ٣٦٪.

e- بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی د.ئازاد ئەحمەد سەعدون دۆسکی، سەرۆکی زانکۆی نەورۆز لە دهۆک، بە ناونیشانی (واقیعی ئابووری کوردستان لەدوای ٢٠٠٣ و ئاسایشی وزە) لە ساڵی ٢٠٠٤ کۆی داهاتی ناوخۆیی GDP لە کوردستان ٢٤١٩ ملیار دیناری عێراقی بووە، بەمەش داهاتی تاکەکەس لە ساڵێکدا ٥٢٤٤٢٦ دینار بووە، لە کۆتایی ٢٠١١ ئەو ڕێژەیە بووەتە ٢٨٣٢٠ملیار دیناری عێراقی و داهاتی تاکەکەس بووەتە ٥٣٢٤٤٥٠ دیناری عێراقی. هەر بەپێی هەمان سەرچاوە، پاش دەرچوونی یاسای وەبەرهێنان ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٠٦، وەبەرهێنان لە کوردستان پێشکەوتنی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، بەجۆرێک، لە ساڵی ٢٠٠٦ تەنیا ٤٣٨ ملیۆن دۆلار سەرمایەی سەرمایەگوزارەکان بووە، بەڵام لە ٢٠١٢ بڕی ٦،٣٠٦ ملیار دۆلار سەرمایەی سەرمایەگوزار وەگەڕخراوە لە هەرێم. بەشێوەیەکی گشتیش لە هەموو بوارەکانی وەبەرهێنان بە بیانی و ناوخۆیی لە ٢٠١٣ سەرمایەگوزاری گەیشتۆتە نزیکەی ٢١ ملیار دۆلار.

f- هاتنی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ کوردستان کە هاوکاری زۆر هەبووە بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی کار، داهاتی زیاتر بۆ کەرتە جیاجیاکانی کوردستان، ئێستا لە ٢٠١٣ نزیکەی ٣٠٠٠ کۆمپانیای جۆراوجۆری بیانی لە کوردستان کار دەکەن.

g- فراوانبوونی کەرتی گەشتیاری لە کوردستان و پیشەسازی گەشتیاری و میوانداری، بەپێی ئامارێکی نا فەرمی، لە ٢٠٠٧ لە هەموو کوردستان تەنیا ١٠٧ هۆتێل و مۆتێل هەبووە، ئێستا لە ٢٠١٣ ئەو ڕێژەیە بووەتە ٤٧٦ هۆتێل و مۆتێل.

h- لە ٢٠٠٥ کە سەرۆک بارزانی بووە سەرۆکی هەرێم، تەنیا ٤ زانکۆ لە کوردستان هەبوون (سەلاحەدین، هەولێری پزیشکی، سلێمانی، دهۆک)، ئێستا ٢٣ زانکۆ هەیە کە ١٣ یان حکومین و ١٠ یان ئەهلین.

i- سەرکەوتنی سەرۆک بارزانی و ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لەفراوانبوونی کەرتی نەوت و هاتنی ٣٦ کۆمپانیای نەوت لە ١٨ وڵاتی جیاجیاوە، لەوانەش کۆمپانیا گەورەکانی وەک ئیکسۆن مۆبیل، شیڤرۆن، تۆتاڵ، گازپرۆم و دەرخستنی بوونی نزیکەی ٤٥ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگ لە کوردستان کە بەبێ عێراق کوردستان دەبێتە نۆیەم وڵاتی یەدەگی نەوتی جیهان.

j- زۆربوونی کارەبا بەهۆی سیاسەتی دروستی کابینەی ٥ بە سەرۆکایەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی و بەردەوامی کابینەی ٦ و ٧ لەسەر دابینکردنی کارەبا. بە جۆرێك کە لە ساڵی ٢٠٠٥ ڕۆژانە تەنیا ٢ تا ٣ کاتژمێر کارەبای نیشتمانی هەبوو، ئێستا لە ٢٠١٣ ڕۆژانە ٢٢ کاتژمێر کارەبای نیشتمانی دەدرێتە هاووڵاتیان.

**پرۆسەی چاکسازی**

پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستان، دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەهێزترکردنی دامەزراوەکان و کەلتوری ڕێزگرتن لە سەروەری یاسا و شەفافیەت، پرۆسەیەکی بەردەوام لە دروستکردندایە. لەم ڕووەوە لە هەندێك قۆناغ و جومگەی سەرەکی ئیدارەدانی وڵاتدا، پرۆسەی چاکسازی و دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی سیستەمی کارو بەدواداچوون بۆ کەموکورییەکان و بەرنامە و پلانی نوێ، دەبێتە یەک لە پێداویستیە گرنگەکان. لەو ڕووەشەوە، سەرۆک بارزانی لە وتاری ٢٠١١/٣/١١ لە بەردەم جەماوەری فراوانی هەولێردا، وتارێکی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کرد، بەوەی کە دەبێت چاکسازی بکرێت و خزمەتگوزاری زیاتر بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکرێت و کەم و کورییەکان نەهێڵرێت. لەم ڕووەشەوە لە ٢٠١١/٣/٢٠ سەرۆک بارزانی بەرنامەیەکی چاکسازی ڕاگەیاند کە لە ١٩ خاڵ پێکهاتبوو و سەرجەم بوارەکانی چاکسازی لەخۆ گرتبوو لەوانەش چاکسازی لە بواری کارگێڕی و ئابووری و سیاسی و دادوەری. دواتر لە دوو قۆناغدا، لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی سەرۆک بارزانی، دوو ڕاگەیەندراوی وەک ڕاپۆرت لەسەر کارەکانیان بڵاوکردەوەو چەندین بڕیاری سەرۆک بارزانی لەو ڕووەوە دران و جێبەجێدەکران. دواتر ناوەڕۆکی بەرنامەکەی سەرۆک بارزانی پاش دەوڵەمەندکردنی زیاتر کرایە کارنامەی کابینەی ٧ بەسەرۆکایەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە گەیاندنی زۆرترین خزمەتگوزاری بە خەڵکی کوردستان و پرۆسەی ئاوەدانی. بۆ وردەکاری زیاتر لەسەر کاری لیژنەکە و ئەو بەرئەنجامانەی پێی گەشتوون، دەتوانرێت

لە ماڵپەری سەرۆکایەتی هەرێم وردەکاری زیاتر وەربگیرێت.

**سەرۆک بارزانی و پاراستنی پرەنسیپی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان و کەمینە و زۆرینە**

یەکێك لەو خەسڵەتە گرنگانەی کە لە سەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزانی بە بایەخەوە باس دەکرێت، پرەنسیپی پاراستنی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان و کارکردن بووە بۆ ڕێزگرتن لە رای زۆرینە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی مافی کەمینە لە گەمە دیموکراسی و پەرلەمانی و سیاسیەکاندا.

بەپێی یاسای سەرۆکایەتی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی پەسەندی یاسا و تەشریعاتی هەبووە یان بیگێڕێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ هەموارکردن. لەو رووەشەوە، هەندێك جار لە پەرلەمانی کوردستاندا، کۆمەڵێک یاسا و تەشریعات کراون، لەلایەن (١)ی ساڵی ١٩٩٢ بۆ پاراستنی زیاتری سەروەری و ئاسایشی دەنگدەر.

d- گەڕاندنەوەی یاسای پاسەوانانی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠١١.

e- گەڕاندنەوەی یاسای لێبوردنی گشتی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٢ بۆ پێداچوونەوەی زیاتر و فراوانکردنی مەوداکانی تاوەکو بتوانرێت ئازادکردنی زیاتر لەخۆ بگرێت بەپێی یاساو رێنماییەکان.

f- گەڕاندنەوەی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٠ی وەزارەتی رۆشنبیری لەسەر وشەی (جێندەر)و دۆزینەوەی دەستەواژەیەکی دیکە.

g- گەڕاندنەوەی یاسای زانکۆ تایبەتییەکان ژمارە(١٨) ساڵی ٢٠١٢ بۆ گۆڕینی دوو مادده بۆ پاراستنی بەرژەوەندی



سەرۆک بارزانی گێڕدراونەتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان تا هەموار بکرێن و رای لایەنەکانی دیکەشی لەسەر وەربگیرێت و رەچاو بکرێن، لەوانەش:

a- گەڕانەوەی یاسای ژمارە(٣٥)ی رۆژنامەگەری لە کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧ تا دەوڵەمەندتر بکرێت و رەچاوی زیاتری مەوداکانی ئازادی رۆژنامەگەری لە کۆمەڵگەیەکی دیموکرات بکرێت.

b- گەڕاندنەوەی یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣) ساڵی٢٠٠٧ چونکە لەو یاسایەدا مافی زۆری دابووە بریکاری وەزارەت بەوەی کە ئەگەر دادوەر بێت، مافی دادوەری بمێنێت و هەموارکردنی بڕگەی بەستنەوەی سەرۆک و دادوەرەکانی ئیستیئناف بە وەزارەتی دادەوە لە رووی ئیدارییەوە، چونکە ئەو بڕگەیە پێچەوانەی سەربەخۆیی دادگاکان و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییە.

c- گەڕاندنەوەی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ی یاسای هەموارکراوی چوارەمی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە گشتی و ئاستی بەرزی زانکۆکان.

h- تازەترین نموونەش نووسراوی سەرۆک بارزانییە لە ٢٠١٣/٦/١٣ بۆ پەرلەمانی کوردستان لە بارەی وەڵامی نامەکەی سەرۆک بارزانی لەلایەن لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە لەسەر ئەو تێبینی و سەرنجانەی کە لایەنەکان لەسەر رەشنووسی دەستوور هەیانە تاوەکو پەرلەمان لە رێگای لیژنەی پێداچوونەوەی رەشنووسی دەستوور و فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان، تاوتوێیان بکەن و بگەنە سازانێک.

**دەرئەنجام**

بە خستنەڕووی ئەو زانیاری و هەڵسەنگاندنانەو لەسەر زەمینی واقیعیش، کوردستان لەماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزانیدا، سەرکەوتنی زۆر و پێشکەوتنی هەمەلایەنەو گەشەسەندنی بەرچاوی لە هەموو ئاستەکاندا بەخۆیەوە بینیوە. هەروەک سەرۆک بارزانی لە وتارێکدا رایگەیاند((کوردستان بۆ پێشەوە دەچێت و بۆ دواوە نەگەڕێتەوە)).

**لە رووی جیۆستراتیژیەوە، سەرۆک بارزانی توانی لە ماوەی سەرۆکایەتی خۆیدا، پێگەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، لە فاکتەری کارتێکراوەوە بگۆڕێت بۆ فاکتەری کارتێکەر و کاریگەر**

## دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس

(جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی عێراق) بۆ گوڵان:

# هاتنی مالیکی بۆ هەولێر نیشانەی ئەوەیە بەغدا ئەو نیەتەی هەیە کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات



**دوای ماوەیەکی زۆری تەنگژەو کێشە لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، بە سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق و رێککەوتن لەسەر پرانسیپێك بۆ چارەسەرکردنی تێکڕای کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و پێکهێنانی حەوت لیژنە بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەری ئەو کێشانە، بووە کردنەوەی دەروازەیەك کە بەڕێز نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە و هەروەها بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدرالی لە هەولێر ئەنجامبدرێت، ئەم سەردانەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ هەولێر بە هەنگاوێکی گرنگ لەقەڵەم دەدرێت بۆ پیشاندانی نیەتی حکومەتی فیدرالی بۆ ئەوەی کێشەکانی لەگەڵ هەولێر چارەسەر بکات، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم سەردانە و ئەو ئاکامانەی لەدوای ئەم سەردانە چاوەڕێ دەکرێت جێبەجێ بکرێن، گوڵان بە پێویستی زانی ئەم دیمانە تایبەتە لەگەڵ بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدرال ئەنجامبدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** دوای ماوەیەکی دوور و درێژ لە تەنگژەو کێشە لە نێوان هەولێر و بەغدا و بە سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا دەروازەیەك کرایەوە، هەروەها هەفتەی رابردووش بەڕێز مالیکی سەردانی هەولێری کرد، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا ئەو کرانەوەیە لە نێوان هەولێر و بەغدا چۆن روویدا، حەز دەکەین جەنابت ئەم بابەتە بۆ خوێنەرانی گوڵان بخەیتەڕوو؟**

- ئەگەر بێتەوە بیرتان پاش ئەوەی کە بودجەی عێراق لە پەرلەمان یەکلایەنانە بڕیاری لەسەر درا، پەرلەمان و وەزیرە کوردەکان هاتنەوە کوردستان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی راو بیروبۆچوون دەربارەی ئەو رەوشە، بە رای من قەیرانەکە لە بڕیاردانی بودجەوە دەست پێ ناکات کە یەکلایەنانە کردیان، بەڵکو کێشەکە پێش ئەوەیە، زۆر لە خاڵەکانی رێکەوتننامەی هەولێر کە حکومەتی لەسەر دروستکرابوو جێبەجێ نەکران، بە تایبەتی ئەو خاڵانەی کە پێوەندییان هەیە بە شەراکەتی راستەقینە، بە هاوسەنگی، هەروەها بە مەسەلەی تەوافوق، یەکێك لە زەقترین کێشەی تەوافوقیش ئەو بڕیاردانەی بودجە بوو بە یەکلایەنی، کە هەموو لایەنە کوردستانیەکان هاتبوونە دەرەوەو لایەنەکانی دیکەش لە هاوپەیمانی نیشتمانی بڕیاریان لەسەردا، ئەمە بووە هۆی ئەوەی وەزیر و پەرلەمانتارە کوردەکان بگەڕێنەوە کوردستان، لەگەڵ سەرکردایەتیی حزبەکان و لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێم دابنیشن و گفتوگۆ بکرێت کە چی بکرێت باشە، لەبەر ئەوە وەزیر و پەرلەمانتارە کوردەکان ماوەیەکی زۆر لە کوردستان مانەوە، خاڵەکان دەست نیشانکران، کە چی بکرێت باشە، ئەگەر لایەنی بەرامبەریش ئامادە بێت ئەو خاڵانە جێبەجێ بکات، کە رەوشەکە بێنێتەوە سەر رێچکەی خۆی، بەر لەوەی کاك نێچیرڤان بارزانی بچێتە بەغدا، دوو شاندی دیکەش چووبوون، لە نزیکەوە ئاگاداری بۆچوونەکانی بەغدا بوون و لەگەڵ مالیکی و لایەنەکانی دیکە بە راشکاوی باسی گیروگرفت و بابەتەکان کرابوو، رەچاوی ئەوە کرا، هیچ نەبێ جارێ ئامادەیی بە قسەو زارەکی هەیە، کە ئەو کێشانە هەمووی چارەسەر بکرێت، ئەو رایەمان هێنایەوە کوردستان و لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێم و لایەنەکان جارێکی دیکە کۆبووینەوە، بڕیاردرا ئەمجارە بە فەرمی شاندێکی حکومەتی هەرێم نەك هی حزبەکان بچێتە بەغدا، چونکە کێشەکە لە بەینی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو لایەنانەیە کە لە بەغدا دەسەڵاتیان بەدەستە، بە رای هەموو حزبەکان و بێ دەستێوەردانی حزبیی کە ئازادی بدرێت بە

حکومەتـــی هەرێم کە بەتەواوی ئـــازاد بێت لە دانانی ڕێوشوێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوەبوو شاندەکە بە ســـەرۆکایەتی کاك نێچیرڤان چوونە بەغداو لەویَ پێوەندی کرد و گەیشـــتنە ئەوەی کە پێویستە شتێکی نووســـراو لە نێوان هـــەردوو لادا هەبێت، هەرچەندە من ئەندامی شاندەکە نەبووم بەڵام بۆ نووسراوەکەی نێوانیان مـــن و پارێزگاری کەرکوك دانیشـــتین لەگەڵ لایەنی بەرامبـــەر لە حکومەتـــی فیدراڵ و ئـــەو خاڵانەمان دەست نیشانکرد کە پێویســـتە چارەسەر بکرێن و ببێتە بنەمایەك بـــۆ ئەوەی وەزیـــر و پەرلەمانتارە کوردەکان بگەڕێنـــەوە بەغدا، بەمانای ئەوەی ڕێوشـــوێنمان دانا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان لەســـەر بنەمای ئەو ڕێکەوتن و گفتوگۆیانەی کاك نێچیرڤان بارزانی لە بەغدا دەیکرد و ئەنجامیدا، هەمان ڕۆژ ئەو شتانە هەمووی تەواوکران و ئیمزاکرا، دوای گەڕانەوەی کاك نێچیرڤان بۆ کوردستان لێرەش لـــە کۆبوونەوەیەکدا ئەو خاڵانە ئیقرارکرا، ئینجا چرای ســـەوز هەڵکرا بۆ وەزیر و پەرلەمانتارە کوردەکان تا بگەڕێنەوە بەغدا.

*** دوای ئـــەم هەنگاوە مالیکی ســـەردانی هەرێمی کوردســـتانی کرد، ئایا ئەم سەردانە زیاتر نیەتی بەڕێز مالیکی بۆ چارەسەری کێشەکان پیشاندەدا یان نە؟**

- یەکێك لەو خاڵانەی کە لە سەردانەکەی کاك نێچیرڤان بۆ بەغدا ئەوەبوو کە داوا لە مالیکی کرا سەردانی هەولێر بکات، ئەوەش بە هەنگاوێکی ئیجابی دادەنرا ئەگەر بێتە هەولێر، چونکە نیەت پیشان دەدا کە دەیەوێت کێشەکان چارەسەربکات، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە زۆر لایەن هەبوون کە ڕەنگە حەزیان نەدەکرد مالیکی بێتە هەولێر و حەزیان دەکرد بارودۆخەکە وەك خۆی بمێنێتەوە، یان بە تەنازولیـــان دادەنا کە مالیکی بێتە هەولێر یان چەندین پاســـاویان دەهێنایەوە بۆ دانانی تەگەرە تا ئەم سەردانە ئەنجـــام نەدات، دەرئەنجام هاتـــە هەولێر، بە بۆچوونی من، هاتنـــی مالیکی بە هەر شـــێوەیەك بێت بەناوی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان هەر شتێکی دیکە، بەڵگەیەکی دیارەو نیەتی وا پیشان دەدات کە دەیەوێت کێشـــەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا چارەسەربکات، دەیەوێـــت پێوەندییەکانـــی لەگەڵ جەنابی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان چاك بکاتـــەوە، هەروەها نیەتی ئەوەشـــی پیشانداوە کە ئەو ڕێکەوتننامانەی کە کراون، ئەو حەوت خاڵە جێبەجـــێ بکات، وێڕای کۆبوونەوەی مالیکی لەگـــەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتەکەی لـــە هەولێر، جگە لـــەوە مالیکـــی و دوو یاریدەدەری خۆی لەگەڵ شـــاندی حکومەتی هەرێمدا دانیشتن بە ســـەرۆکایەتیی کاك نێچیرڤان بارزانی و دەست نیشانی ئەو لیژنانەیان کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەو حەوت خاڵەی کە لەسەری ڕێککەوتبوون، هەروەها دانیشتنێکی دوور و درێژی لەگەڵ جەنابی ســـەرۆکی بارزانی کرد، کە ڕۆیشـــتینەوە بەغدا من لەگەڵ مالیکی بووم، ئەو زۆر خۆشحاڵ بوو بەو کۆبوونەوانەی لە هەولێر بەتایبەتیش کۆبوونەوەکەی لەگەڵ جەنابی سەرۆك ئەنجامی دان، لەســـەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئەو لایەنانەی کە گرنگی دەدەن بە کێشـــەی عێراق و مەسەلەی دیموکراتیەت لە عێراق ئەو هاتنـــەو دیدارانەیان لە هەولێر بەرز نرخاند، لەوانـــە نەتەوە یەکگرتووەکان و باڵیۆزە ئەوروپییەکان بە گشتی و ئەمریکاش، تارادەیەك ئێرانیش.

*** هەمـــوو جار لە کۆبوونەوەکاندا باس لەوە دەکرێت کە کێشەکان دەبێ لەژێر سەقفی دەستوور جێبەجێ بکرێن، لەسەر ئەو قسەیە هەردوولاتان، کوردو بەغدا هاودەنگن، ئایا کە هاودەنگن بۆ کێشـــەکان چارەسەر ناکرێن، ئایا ئـــەوە مانای ئەوە نییە کە کـــوردو بەغدا هەر یەکەیان خوێندنەوەی جیایان بۆ دەستوور هەیە؟**

- جاریَ سەبارەت بە دەســـتوور بەغدا چەند لایەنێکە، بەڵام تێڕوانین و دیداری کورد بۆ دەستوور یەك لایەنەیە، لەبەغدا خەڵکانێك هەن دژبە دەستوورن و خەڵکانێکیش هەن نیوەی دەســـتووریان قبوڵـــە، خەڵکانێك هەن تەنیا ئەو خاڵانەیـــان قبوڵە کە بەرژەوەندیی خۆیانیان تێدایە، کورد بە گشتی بەو شێوەیە سەیری دەستوور دەکات کە بەرهەمی خەباتێکی دوور و درێژی گەلی کوردستانەو ئەو پارتە کوردســـتانییانەی کە ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لە نووســـینەوەی دەستوور و پاڵپشـــتی بوونەو دەنگیان بـــۆ داوە، هەروەها ٨٠٪ی گەلی عێراق دەنگی بۆ ئەم دەستوورە داوە.

ئەو دەســـتوورە لە وردەکاریشـــدا ئامانجەکانی گەلی کوردســـتانی تا ڕادەیەك پاراســـتووە و لە بەرژەوەندیی دایـــە، لەبەرئەوەی بـــەر لە هەموو شـــتێك دانی ناوە بەو دەزگایانەی لە کوردســـتان هـــەن، دووەم ڕێگەی داوە کە کوردستان بە شـــێوەیەکی پێشکەوتوو ئیدارەی خۆی بکات، ڕێگەشـــی داوە کە پەرلەمانی کوردستان هەر یاســـایەکی هەبێ جێبەجێکردنی لە کوردســـتاندا بـــە پێی بەرژەوەندیی گەلی کوردســـتان دەســـتکاری بکات، ڕێگەی داوە کە ســـەیری دەســـتوور بکەین کە هاوسەنگییەك هەبێت لە نێوان کورد و عەرەب بە هەردوو لایەنەکەی، چ شیعەو چ سوننە، ئاماژەی بەوە کردووە کە هەر بڕیارێك بێت، دەبێ بە تەوافوق بێت لە نێوان ئەو


**یەکێك لەو خاڵانەی کە لە سەردانەکەی کاك نێچیرڤان بۆ بەغدا ئەوەبوو کە داوا لە مالیکی کرا سەردانی هەولێر بکات، ئەوەش بە هەنگاوێکی ئیجابی دادەنرا ئەگەر بێتە هەولێر، چونکە نیەت پیشان دەدا کە دەیەوێت کێشەکان چارەسەربکات**

**ئەو لایەنانەی کە گرنگی دەدەن بە کێشەی عێراق و مەسەلەی دیموکراتیەت لە عێراق ئەو هاتن و دیدارانەیان لە هەولێر بەرز نرخاند، لەوانە نەتەوە یەکگرتووەکان و باڵیۆزە ئەوروپییەکان بە گشتی و ئەمریکاش، تارادەیەک ئێرانیش**

**دەبێ ڕەچاوی ڕای پێکهاتە سەرەکییەکان بکرێت لە هەر بڕیارێکی گرنگدا کە ئەمەش یەکێکە لە خاڵەکانی ڕێکەوتننامەی هەولێر، بە تایبەتی ستراتیژی و چارەنووسسازەکان دەبێ کورد و سوننەو شیعە لەسەری ڕێکبکەون نەک لایەنێک یان دوو لایەن بە کەیفی خۆی بڕیاری لەسەر بدات**

هێزانە، دەبێ پرەنسیپی شەراکەت هەمیشە ڕەچاوبکرێت، جگە لەوانەش، دەستوورەکە مافی داوە بە گەلی کورد کە ئەگەر هاتوو خەڵکانێك ویستیان گۆڕانکاریی لە دەستووردا بکەن، یان هەمواری بکەنەوە، ئەگەر دوو لەسەر سێی گەلی کوردستان ڕازی نەبێت لەسەر ئەمە، ئەوا دەستوورەکە دەستکاری ناکرێت و وەك خۆی دەمێنێتەوە، بۆیە کورد کە دەڵێ ئێمە پابەندی دەستوورین بە ڕاستییەتی، بەڵام لایەنەکانی دیکە وانین بە داخەوە، بۆیە لەگەڵ زۆر لە لایەنەکانی بەغدا لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە سەیری دەستوور دەکەین، بۆیە کە سەیری ڕێکەوتننامەی هەولێر بکەین ئێمە دەڵێین پابەند بوون بە دەستوور، بەبێ لێهەڵبژاردنی ماددەکان واتا هەموو دەستوور مەبەستە، بۆیە تا هەموو بکرێت، دیراسەتی چارەسەرکردنی پرسی پێشمەرگە بکرێت کە دەبێت چارەسەربکرێت، یاسای نەوت و داهات کە دەبێ بە زووترین کات ئەنجام بدرێت، بابەتی شەراکەت و هاوسەنگی و تەوافوق کە بابەتێکی گشتی عێراقییەو خاڵێکی گرنگە، ئەمەش ئەو قسانە پووچەڵ دەکاتەوە کە تەنیا بڵێی ڕێکەوتنەکە بۆ بەرژەوەندیی یان جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد بووە، هەروەها چەند خاڵێکی دیکەی گرنگ، یەکێ لەو خاڵانە پێداچوونەوەیە بە بودجەی عێراق کە کەموکورتییەکانی چاك بکرێن، ئەو ڕاوبۆچوونانەی کوتلە کوردستانییەکان کە لەسەری چوونە دەرەوە هەموار بکرێن یان بودجەیەکی تەواوکاری دابنرێت کە ئەو شتانە هەمووی چارەسەربکات، ئەو لیژنانەی کە دروستکراون ئەگەر زوو بکەونەکارو لە

**هاتنەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ هەولێر و هەوڵدان لێرەوە بۆ چارەسەری کێشەکان ئەمانە هەموویان گرنگی و بەهێزیی پێگەی هەولێر و بە تایبەتیش جەنابی سەرۆک بارزانی پیشان دەدەن لە ٢٠٠٣-وە بێجگە لە ڕۆڵی دیاری لەکاتی ئۆپۆزسیۆن پێش ئەو ساڵە، بەتایبەتیش بۆ عێراق لە هەموو هەنگاوەکاندا**



لایەنەکان دەستووریان بە یەك بلۆك مەبەست نەبێت، ڕاو بۆچوونمان لەسەر کێشەکان جیاواز دەبێت، واتا ئەوان لێکدانەوەیەکیان دەبێت ئێمەش لێکدانەوەیەکی دیکە.

*** دوای ئەو کرانەوەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان باسی پێکهێنانی ژمارەیەك لیژنە کرا، ئایا ئەم لیژنانە بۆ ئەم مەبەستەیە یان بۆ گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی میکانیزمێك جێبەجێی بکەن بۆ چارەسەر یان چارەسەرەکان دیارن؟**

- پێش هەمووشت و یەکەم جار لەسەر لیژنەکان ڕێکەوتن نەکراوە، بەڵکو لەسەر پرەنسیپی چارەسەرکردنی کێشەکان ئیتیفاق کراوە، وەکو هەماهەنگی ئەمنی و لیژنەیەك هەبێت سەرپەرشتی هەمووی بکات و دیراسەتی چۆنییەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ڕاستیدا کارەکان دیارن و کورد دەزانێت چی دەوێت، چارەسەری کێشەی عێراق بە گشتی دیارە چۆن دەبێت، کە لە سێ شت بەدەر نییە، یەکەم دامەزراندنی حکومەت لەسەر بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینە واتا هاوسەنگییە لە بڕیارو لە دەسەڵاتدا، مەسەلەی هاوسەنگی لە هەموو دامو دەزگاکانی حکومەتی فیدراڵ، دەبێ ڕەچاوی ڕای پێکهاتە سەرەکییەکان بکرێت لە هەر بڕیارێکی گرنگدا کە ئەمەش یەکێکە لە خاڵەکانی ڕێکەوتننامەکەی هەولێر، بە تایبەتی ستراتیژی و چارەنووسسازەکان دەبێ کورد و سوننەو شیعە لەسەری ڕێکبکەون نەك لایەنێك یان دوو لایەن بە کەیفی خۆی بڕیاری لەسەر بدات، سەبارەت بە مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان ئێمە زیاتر لە ماددەی ١٤٠ مان ناوێت، خۆمان

**باوەڕمان بەوە بەتینە کە عێراق بە یەک پێکهاتە حوکمڕانیی ناکرێ بگرە بە دوو پێکهاتەش ناکرێ، دەبێ هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکە هاوسەنگ و شەریک بن و بەیەکەوە کار بکەن**

**مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان ئێمە زیاتر لە ماددەی ١٤٠ مان ناوێت، خۆمان ئەو ماددەیەمان کاتی خۆی لە یاسای بەڕێوەبردنی حکومەتمان کردووە و نووسیومانەتەوەو چەسپاندوومانەو لەوێوە دوایی گواستوومانەتەوە بۆ ناو دەستوور**

**ڕەوشی ناوچەکە هەمووی دەکوڵێت، ئێمەش لە کوردستان باشین بەڵام ئەگەر دەوروپشتمان گڕی تێبەربوو ئێمەش گڕمان تێبەردەبێت، بۆیە دەبێ نێوماڵی خۆمان چاک بکەین و پلانمان هەبێت و ڕێک بکەوین**

ئەو ماددەیەمان کاتی خۆی لە یاسای بەڕێوەبردنی حکومەتمان کردووە و نووسیومانەتەوەو چەسپاندوومانەو لەوێوە دوایی گواستوومانەتەوە بۆ ناو دەستوور بە هەمان شێوە، بۆیە پێویستە ئیشی لەسەربکرێت، دیاریشە چی ماوە، هاوردەکان ڕۆیشتوونەتەوە و کورد گەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان، قەرەبوو کراونەتەوە و کێشەی زەوی و زار زۆربەی چارەسەر کراوە، هەندێ شت ماوە کە هێشتا نەکراوە یەکەمیان ئەو دەستکارییانەی سنووری ئیدارەی کەرکوك کە پێشترکراون چارەسەر نەکراوە، کە دەبێ چارەسەر بکرێ، ئەمڕۆ چەند یاسایەك پێشکەشکراوە لە پەرلەماندا کە پێویستە پەرلەمان بڕیاریان لەسەربدات، دووەم چۆنێتیی ئەنجامدانی ڕاپرسی لە کەرکوك یان ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم ئەگەر هیچ سەرژمێرییەك نەکرابێت بەتایبەتیش گۆڕانکاری کراوە یان ئەوەندە هاوردە هاتوون و ئەوەندە ڕۆیشتوون بێ سەرژمێری ناتوانرێت ڕاپرسی بکرێت، لە مادەی ١٤٠ ئەمە هاتووە کە دەبێ سەرژمێری بکرێت، ئینجا ڕاپرسی ئەنجام بدرێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە دەبێ ئەو هەنگاوانە بهاوێژرێن، مەسەلەی یاسای نەوت و دابەشکردنی داهات لێرەدا دەبێ لایەنی کوردی بزانێت کە بە پێی دەستوور کورد مافی ئەوەی هەیە سەرپەرشتی نەوتی ناو هەرێم بکات، هەروەها مافی ئەوەی هەیە لەگەڵ کۆمپانیاکان ڕێك بکەوێت و باشترین بەرهەم بهێنێت و سوودی زیاتری لێ وەربگرێت، بۆیە دەبێ یاسای نەوت لەگەڵ ڕوحی دەستووردا بگونجێت و مەرکەزی نەبێت، سەبارەت بە دابەشکردنی داهاتیش دەستوور ئاشکرای کردووە داهاتی عێراق هەمووی بە پێی ڕێژەی دانیشتووان بەشێوەیەکی دادوەرانە دابەش دەکرێت بەسەر ناوچەکاندا، بەڵام بۆ کورد یەك گرفت هەیە ئایا کێ دابەشی دەکات، دەبێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دابەش بکرێت بە دەست نیشانکردنی ڕێژەکە بە پێی یاساو ڕێکار، ئەو پارەیەی کە دێتە سندوقی عێراقیەوە کە لە دەرەوەیە هەر لەوێ دابەش دەکرێت بەسەر حکومەتی فیدرال و هەرێمی کوردستان.

*** زۆرجار باستان لەوە کردووە کە کێشەی هەرێم یان لایەنی کوردستانی لەگەڵ بەغدا کێشە نییە لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێك، بەڵکو لەسەر شێوازی حوکمڕانیە لە وڵاتدا، ئایا دوای ئەو کرانەوەیەوە ئومێدتان هەیە کە شێوازی حوکمڕانی لە عێراق ببێتە شێوازی شەراکەتی ڕاستەقینە؟**

- ئەو شێوازی حوکمەی کە کورد دەیەوێت، شێوازێکە کە لە دەستووردا دەست نیشانکراوە، سیستەمێکی دیموکراتی فیدرالی فرەحزبی، دەسەڵاتیش بە شێوەیەکی ئاشتیانە ئاڵوگۆڕ بکرێت بە پێی سندوقی دەنگدان و لەسەر سێ بنەما کە باسم کرد شەراکەت و هاوسەنگی و تەوافوق، ئەمە ڕاوبۆچوونی کوردەو ڕای هەموو هێزە دیموکراتییەکانە لە عێراق بە گشتی، بۆیە چارەسەری ئەم کێشانە لەم بۆچوونە بەدەر نییە، ئەگەر جێبەجێ بکرێت هەموو کێشەکان چارەسەر دەبن، ئەمەیە مەسەلەکە، کورد هەر ئەمەی کردووەو بەردەوامیش دەبێت ئینجا کێشەی هەبێ لەگەڵ بەغدا یان نەیبێ، سەردان ئەنجام درابێت بۆ هەولێر یان نەکرابێت، بەڵام بەم سەردانە لەم ئامانجە نزیك بووینەتەوە یان گەشبین بم کە ئەم ئامانجە جێبەجێ دەکرێت من وەڵام دەدەمەوە کە واقیعی نییە، چونکە دەبێ بەردەوام هەوڵی بۆ بدەیت و خەباتی بۆ بکەیت چونکە سیاسەت هونەری مومکیناتە دەبێ کاری لەسەر بکەیت و جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامەو پەیمانەکان پەیوەستە بە توانای هێز نەك هێزی بازوو و سەربازی، بەڵکو هێزی سیاسەت و ئابووری و پێوەندی، ماوەیەکی کەممان لەبەردەمدا ماوە چونکە بەرەو هەڵبژاردنی عێراق دەچین، زۆر حزب چاوەڕوانی زۆر شت لەم هەڵبژاردنە دەکەن، بۆیە دوو شت پێویستن ئێمە وەکو کورد نەچینە دواوە، بەرژەوەندییەکانمان لەدەست نەدەین، ئامانجەکەی خۆمان لەبەرچاوبێت کە دیموکراسییەت و فیدرالی و فرەحزبی و دەستوورمان دەوێت و هەوڵ بدەین لەم ماوەیەدا کێشەمان لەگەڵ بەغدا بۆ دروست نەبێت، ئەو شتانەی لەسەری ڕێکەوتووین لانی کەم لەم ساڵەدا جێبەجێ بکرێت، هەروەها دەبێ هەوڵ بدەین لەم ماوەیەدا پێکهاتەکانی دیکەش بێنینەوە سەرخەت نەك هەر ئێمەو شیعە بەڵکو برا سوننەکانیش، مەسەلەیەکی گرنگی دیکە ئەوەیە ئەو هەڵبژاردنەی کە دەکرێت دەبێ گەرەنتی ئەوە هەبێت کە پاك و بێگەرد بێت، بۆ ئەم مەبەستە سێ شت پێویستە یەکەمیان یاسایەکی باشتری هەڵبژاردنمان هەبێت، دووەمیان چاودێری تۆکمە هەبێت لەسەر دەزگاکانی هەڵبژاردن، سێیەم دەبێ ئەوە دەستەبەربێ کە دەزگای هەڵبژاردن بێ لایەن بێت و بۆ لایەنێکی دانەشکێنێت دژ بە لایەنێکی دیکە.

*** حکومەتی ئێستای عێراق بەپێی ڕێکەوتنی هەولێر دامەزراوە، ئەمجارەش هەر لە هەولێر هەنگاو بۆ خاوکردنەوەی کێشەکان دەنرێت، ئایا دەتوانین بڵێین ئەو کرانەوەیەی ئەم جارەش گەڕانەوەیە بۆ خاڵەکانی ڕێکەوتنی هەولێر، ئایا ئەم ڕێکەوتنە هەر ئەو نەخشە**

**رێگایەیە، یان نەخشەیەکی دیکەتان داناوە؟**

- جـاریێ دامەزراندنی حکومەت لە هەولێر و زۆربەی کارەکانـــی لە هەولێر تەواوبــوون، دووەم هاتنەوەی ئەم دواییـــەی بۆ هەولێر و هەوڵدان لێرەوە بۆ چارەســـەری کێشەکان ئەمانە هەموویان گرنگی و بەهێزیی پێگەی هەولێر و بە تایبەتیش جەنابی ســـەرۆك بارزانی پیشان دەدەن لـــە ٢٠٠٣-وە بێجگە لە رۆڵـــی دیاری لەکاتی ئۆپۆزسیۆن پێش ئەو ســـاڵە، بەتایبەتیش بۆ عێراق لە هەمـــوو هەنگاوەکاندا، بە قەناعەتی من ئەو رۆڵە هەر دەمێنێت، تا هەرێم بەو شـــێوەیەی لەسەری رۆیشتووە بەرەو پێشـــکەوتن بچێت و دامـــەزراوە دیموکراتییەکان زیاتر بچەسپێن، بۆیە بەهەر خاڵێکدا بچیت ئەنجام هەر دەگەڕێیتەوە بۆ ســـەر ئەو خاڵانەی لە رێکەوتننامەی هەولێر دەست نیشان کراون.

*** ئەگەر رێکەوتنی هەولێر جێبەجێ بکرێت، ئەوا نابێت هیچ پێکهاتەیەکی عێراق لە شەراکەت پەراوێز بخرێت، ئایـــا ئەم کرانەوەیـــە تایبەت بوو بە چارەســـەرکردنی کێشـــەکانی نێوان کـــورد و بەغدا، یـــان هەوڵێکە بۆ راســـتکردنەوەی حوکمڕانی لە عێراق، راشکاوانەتر ئایا دەروازەیەك نییە بۆ چارەســـەری کێشەی سوننەکانیش لە عێراق؟**

- بەڵـــێ دەروازەیە بـــۆ ئەمە و کورد هەمیشـــە ئەو سیاســـەتەی بە ئاشـــکرا راگەیاندووە، راســـتە ئێمە هاوپەیمانی دەکەین لەگەڵ حـــزب و لایەنەکاندا بەڵام هاوپەیمانیمان لەگەڵ هیچ پێکهاتەیەك لەسەر حسابی پێکهاتەیەکی دیکە نییە، باوەڕیشـــمان بەوە بەتینە کە عێراق بە یەك پێکهاتە حوکمڕانیی ناکرێ بگرە بە دوو پێکهاتەش ناکرێ، دەبێ هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکە هاوسەنگ و شەریك بن و بەیەکەوە کار بکەن.

*** ئەگەر سەبارەت بە بارودۆخی سوریا قسەیەك بکەین، لەو روانگەیەی کە بارودۆخی سوریا کاریگەری لەسەر ناوچەکەو عێراقیش هەیە، بەڕێزت وەك جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق ســـەیری بارودۆخی سوریا دەکەیت، تا چەند نەمانی ئەسەد کاریگەری بۆ سەر رەوشی عێراق دەبێت؟**

- من ئەگـــەر وەك جێگری ســـەرۆك وەزیرانی عێراق قسەبکەم، دیارە سیاسەتی فەرمیی عێراق بێ لایەنە و راشـــیگەیاندووە، دژی تیرۆر و کوشتنە، پشتگیری لە چارەســـەرێك دەکات کە گەلی سوریا پێی رازی بێت، لەسەر ئەو بنەمایە وەزیری دەرەوەی عێراق لەسەر ئاستی ئیقلیمـــی و نێودەوڵەتـــی کار دەکات، بەڵام حکومەتی عێراق حکومەتێکی هاوپەیمانیـــە و یەك لایەنە نییە، بۆیە دەبینیـــن لەنێو حکومەتی عێـــراق راوبۆچوونی جیاواز هەیە ســـەبارەت بە کێشەی ســـوریا بە کورد و سوننەو شیعەشەوە، بەڵام ئەگەر وەك کوردێك قسە بکەم، پێش هەموو شتێك دەبێت رەچاوی بەرژەوەندیی کوردی ســـوریا بکەم کە زەرەرمەند نەبن و نەبنە سووتەمەنیی ئەو رەوشەی ســـوریا، بەرژەوەندی و ئاشتیی ناوخۆیان بپارێـــزن، دووەم رەچـــاوی ئەوە بکەن چـــی ئامانج و چی مافـــە نەتەوەییەکانیان دێنێتە دی، راو بۆچوونی مـــن ئەوەیە کە ئەو رژێمەی ئەمڕۆ لە ســـوریادا هەیە نابێت بەم شـــێوەیە بمێنێتەوە، پاش ئەو هەموو کوشتار و تاوانانە، لە هەمان کاتیشـــدا نابێ لایەنێك بێتە سەر حوکم کە توندڕۆ بێت جا توندڕۆی ئیســـلامی بێت یان سەر بە قاعیدە بێت، یان بە شێوەیەك ئیش بکات ئاگری شەڕەکە خۆشتر بکات، بۆیە دەبێ بەدوای چارەسەرێك بگەڕێن کە هەموو میللەتی ســـوریا تێیدا بەشدار بێت بە موعارەزەشەوە، بەس دوور لەسەرانی ئەو رژێمەی کە ئێستا هەیە، دانیشن چارەسەرێکی دیموکراتیانە دوور لە توندڕۆیی و ستەم و دەستدرێژی یەك لایەنە بدۆزنەوە، ئەمە پرۆسێســـێکی قورســـە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئیشـــی لەسەر دەکات، بۆیە تا ئێســـتا کێشەی سوریا چارەســـەر نەکراوە چونکە ئەگەر بەجێی بێڵێت یان بە دەســـت رژێمێکی ئاوا خوێنمژ یان بە دەستی تاقمێکی توندڕۆی وەکو قاعیدە دێنە ســـەرحوکم کە هەردووکیان یەك لە یەکتر خراپترن و لەو ناوەشدا نەك هەر میللەتی ســـوریا زەرەر دەکات بەڵکـــو میللەتانـــی ناوچەکەش، بۆیـــە لایەنەکان دەبێ رێکەون حکومەتێکی دیموکراتی دامەزرێنن کە رەچاوی مافەکانی هەموو لایەك بکات و پێوەندیی دراوســـێتی و نێودەوڵەتی لەبەرچاو بگرێت کە ئەمـــە زۆر زەحمەتە، بە نســـیبەت عێراقیش لەبەر ئەوەی وەزعی ســـوریا زۆر خراپتر دەبێت، عێراق دەبێ بیر بکاتەوە ئەگەر ئەمە نەکرا رەوشـــەکە چی دەبێت، سەیری رەوشـــی تورکیا بکە کە خەریکە بەرەو خراپتر دەڕوات، رەوشـــی ئێـــران دیار نییـــە هەڵبژاردنیان لە پێشـــە، لەگەڵ ئەمریکا لەسەر ئەتۆم هەرایانە، رەوشی ناوچەکە هەمووی دەکوڵێت، ئێمەش لە کوردستان باشین بەڵام ئەگەر دەوروپشـــتمان گڕی تێبەربوو بۆ ئێمەش کاریگەری دەبێت، بۆیە دەبـــێ نێوماڵی خۆمان چاك بکەین و پلانمان هەبێت و رێك بکەوین، بەرژەوەندیی ئێمە لەوەدایە ئەم دەســـتکەوتانە بپارێزین و ئەگەر توانیمان پێشی بخەین چونکە دەبێ ئەوە بزانین کە بارودۆخەکە بـــەرەو خراپـــی دەچێت و دەبێ کـــورد ناوماڵی خۆی رێکبخات و دواتر لەگەڵ عێراقیش رێکی بخات.

**دەبێ لایەنی کوردی بزانێت کە بە پێی دەستوور کورد مافی ئەوەی هەیە سەرپەرشتی نەوتی ناو هەرێم بکات، هەروەها مافی ئەوەی هەیە لەگەڵ کۆمپانیاکان رێك بکەوێت و باشترین بەرهەم بهێنێت و سوودی زیاتری لێ وەربگرێت، بۆیە دەبێ یاسای نەوت لەگەڵ روحی دەستووردا بگونجێت و مەرکەزی نەبێت**

**سیاسەت هونەری مومکیناتە دەبێ کاری لەسەر بکەیت و جێبەجێ کردنی رێکەوتننامەو پەیمانەکان پەیوەستە بە توانای هێز نەک هێزی بازوو و سەربازی، بەڵکو هێزی سیاسەت و ئابووری و پێوەندی**

# خەساندنی فیکر و كۆتایی سیاسەت

## ئەگەر سیاسەت لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی هێنرایە دەرەوە هیچ مانایەكی نامێنێت

((سیاسەت لە روانگەی ئەرستۆتالیسەوە بریتییە لە چالاكیەكی مرۆڤایەتی بۆ جێبەجێكردن و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی، بەرژەوەندی گشتیش بریتییە لە گەشەپێدان و خۆشگوزەرانی كۆمەڵگە، هەروەها بەرگریكردنە لەكۆمەڵگە لە دەستدرێژی، ئەوجا ئەو دەستدرێژییە سەربازی بێت یان ئایدیۆلۆژی، بەڵام سیاسەت لە روانگەی كارل شمیدتی بیرمەندی نازیەوە بریتییە لە دابەشكردنی كۆمەڵگە بۆ دۆست و دوژمن، لەم بۆچوونەدا سیاسەتكردن پێویستی بەوەیە بەرامبەر وەك دوژمنێكی شەڕانگێز وێنا بكرێت، بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی ئەو ئایدۆلۆژیەتەدا هیچ كەس بۆچوونێكی جیاوازی



لەسەر ئەو دوژمنە شــەڕانگێزە نەبێت، ئەم جۆرە سیاسەتکردنە، هێنانە دەرەوەی سیاســەتە لەچوارچێوەی جێبەجێکردن و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی، بۆیە ماکس ڤیبەر دەڵێت کاتێک سیاسەت دەبێتە پیشە و لەچوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی پیادە ناکرێت، ئەوا لەمانای سیاسەت دێتە دەرەوەو پێی ناگوترێت سیاسەت، بەڵکو دەبێت بە پیشە، پیشــەوەرانیش وەک لە بازاڕدا دەیانبینین بە شێوەیەکی گشتی بایەخ بە بەرژەوەندی خۆیان دەدەن نەک بەرژەوەندی گشــتی، یان ڕاشکاوانەتر بەرژەوەندی خۆیان دەخەنە سەرووی بەرژەوەندی گشتیەوە)).

**ئەگەر سیاسەتمەدار یان هەڵسوڕاوی ناو حزب بەشێوەیەکی دیموکراتیانە بیربکەنەوەو پێیانوابێت تەنیا بەشێکی هەقیقەتیان لایەو هەموو هەقیقەت لای ئەوان نییە، ئەوا هەقیقەت لەکۆمەڵگە دەبێتە بەرهەمی کۆی بیروبۆچوونە جیاوازەکان**

**ئیخوانەکانی میسر دەیانەوێت هەموو شتێک بە ئیخوان بکەن و لە روانگەی ئیخوانەوە پێناسەی بکەن، بزووتنەوەی گۆڕانیش بەهەمان شێوە دەیەوێت بێجگە لەو تێڕوانینەی خۆی بۆ سیاسەت هەیەتی، مانای سیاسەت لەکوردستان کۆتایی پێ بێت**

**تەنیا رێگە بۆ سنووردارکردنی ئەو فیکرانەی دژی کۆمەڵگەی کراوەن، ئەوەیە دامەزراوەکانی سیستمی دیموکراتی بەهێز بکرێت، بەجۆرێک کە دامەزراوەکانی سیستمی دیموکراتی بتوانێت بە شێوازی دوور لە توندوتیژی هەم کۆمەڵگە بپارێزێت و هەمیش خۆشگوزەرانی لەکۆمەڵگە دروست بکات**

کارل پۆپەر، لەپێناسەکردنی بۆ رۆشنبیر ئاماژە بەوە دەکات، ئەو رۆشنبیرەی رۆشنگەربێت، کاتێك قسە دەکات ئەوا بەرامبەرەکانی لەگەڵی بیردەکەنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو فیکرەی رۆشنبیری رۆشنگەر بەرهەمی دەهێنێت، فکرێکی بەپیتە و خودی ئەو فیکرە دەبێتە هۆکاری لەدایکبوونی فیکری نوێ، بەڵام ئەو رۆشنبیرانەی خۆیان لێ دەبێتە پەیامبەر و پێیانوایە ئەوەی دەیڵێن هەقیقەتە، دەیانەوێت کاتێك قسەدەکەن خەڵك وەك پەیامبەر گوێیان لێ بگرێت و ملکەچیان بێت، بەڵام ئەوانە پەیامبەری درۆزنن، لەبەر ئەوەی فیکرەکانیان نەك نابێتە هۆکاری ئەوەی بەرامبەرەکانیان بیربکەنەوە، بەڵکو دەبێتە هۆکاری ئەوەی لەبیرکردنەوە رابوەستن، ئەم حاڵەتە بۆ سیاسەتمەدار و هەڵسوڕاوی ناو حزبە سیاسیەکانیش راستن، بۆیە ئەگەر سیاسەتمەدار یان هەڵسوڕاوی ناو حزب بەشێوەیەکی دیموکراتیانە بیربکەنەوەو پێیانوابێت تەنیا بەشێکی هەقیقەتیان لایەو هەموو هەقیقەت لای ئەوان نییە، ئەوا هەقیقەت لەکۆمەڵگە دەبێتە بەرهەمی کۆی بیروبۆچوونە جیاوازەکان، لەم حاڵەتەشدا حزبە سیاسیەکان دەبنە هۆکاری ئەوەی بژاردەی جیاواز لەبەردەم هاووڵاتیان دروست بکەن و هاووڵاتیان لەسەر سندوقی دەنگدان بتوانن بڕیار بدەن، ئەمەش واتە دەبنە هاندەرێك بۆ ئەوەی هاووڵاتیانیش لەگەڵ حزبە سیاسییەکان بیربکەنەوە و توانای دروستکردنی بڕیاری راستیان هەبێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر سیاسەتمەدار یان هەڵسوڕاوانی ناو حزبە سیاسیەکان بەو جۆرە بیریان کردەوە کە هەقیقەت تەنیا لای یەك حزبی سیاسیە و ئەوانی دیکە ناهەقن و راستیان لانییە، ئەوا ئەگەر کۆمەڵگە کۆمەڵگەی فرەحزبی سیاسیش بێت هەنگاو بۆ تاکحزبی هەڵدەگرێت و ژینگەی کۆمەڵایەتی تێکدەچێت و هاووڵاتی ناتوانێت بیربکاتەوە یان بیریش بکاتەوە، بیرکردنەوەکەی هیچ بەرهەمێکی نابێت و ناتوانێت بڕیاری پێبدات، بۆیە ئەم جۆرە سیاسەت کردنە خۆی دەبێتە فاکتەرێك بۆ کۆتایی هێنان بەسیاسەت و خەساندنی فیکر بۆ ئەوەی هیچ بەرهەمێکی نەبێت، هەروەك چۆن ئیخوان موسلمینەکانی میسر پاش گەیشتنیان بە دەسەڵات بەرەو ئەو شێوازە هەنگاو هەڵدەگرن، هەروەك چۆن پرۆفیسۆر مەئمون فەندی لە وتارێکیدا کە بەناونیشانی (ئیخوان. لە سزادانی فیکرەوە بۆ نەزۆکی فیکر) کە رۆژی ٢٠١٣/٦/١٠ لە رۆژنامەی شەرقولئەوسەت بڵاوی کردۆتەوە، بەوجۆرە پێناسەی کردووە کە ئەوە (خەساندنی فیکرە) و تیایدا دەپرسێت:(دەزانین سزادانی فیکری مانای چییە، بەڵام ئایا خەساندنی فیکر مانای چییە؟ بەکورتی خەساندنی فیکر ئەوەیە تۆ پیادەی پرۆسەی بیرکردنەوە دەکەیت، لەوانەشە خۆشیشت بەو پیادەکردنە بێت، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچی لێ بەرهەم بێت، بە واتایەکی دیکە لە ئاکامی پیادەکردنی پرۆسەی بیرکردنەوە کۆمەڵێك بیروبۆچوونمان بۆ دێت، بەڵام ئەو بیروبۆچوونانە نە بەسوودن نە بونیادنەریشن، بەڵکو تەنیا بیرکردنەوەیە بۆ بیرکردنەوە، بەڵام ئاکامی ئەم بیرکردنەوەیە نیمچە نادیارە، ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە میسر لەسەردەمی حکومڕانی ئیخوان پێیدا تێدەپەڕێت، لەبەر ئەوەی ئیخوانەکان کۆتاییان بە پرۆسەی سزادانی فیکر هێناوە و چوونەتە نێو قۆناخی خەساندنی فیکرەوە))، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم پرۆسەی خەساندنی فیکرە تەنیا پرۆسەیەکە ئیخوانەکانی میسر ئێستا پیادەی دەکەن، یان پێشینەیەکی مێژوویی هەیە؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بەوە هەیە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا بۆچی هەندێك هێز مەبەستیانە ژینگەی دیموکراتی و کۆمەڵگەی کراوە بگۆڕن بۆ ژینگەی تۆتالیتار و کۆمەڵگەی داخراو؟ ئەم پرسیارە هەمان ئەو پرسیارەی کارل پۆپەرە کاتێك هیتللەر لە ساڵی ١٩٣٩ نەمسای داگیرکرد، ئەم داگیرکردنە لای پۆپەر دوژمنایەتیکردنی کۆمەڵگەی دیموکراتی و کراوە بوو، لەبەر ئەوەی نەمسا لەو کاتەدا سیستمێکی دیموکراتی و کۆمەڵگەیەکی کراوە بوو، بۆیە ئەمە وای لەکارل پۆپەر کرد لەسەر دوژمنەکانی کۆمەڵگەی کراوە بنووسێت و لەماوەی چوار ساڵدا کتێبە بەناوبانگەکەی تەواو کرد کە بە ناونیشانی (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی بوو) لەم کتێبەدا ئاماژە بەوە دەکات هەندێك هێز هێشتا لەهێدمەی وەرچەرخانی کۆمەڵگەی داخراو بۆ کۆمەڵگەی کراوە رزگاریان نەبووە، ئەو جۆرە هێزە پێیانوایە ئیرادەی رەخنەگرانەی مرۆڤ دەتوانێت ئەم وەرچەرخانە پێچەوانە بکاتەوە، واتە دەتوانن دووبارە کۆمەڵگەی کراوە بگێڕنەوە بۆ کۆمەڵگەی داخراو، ئەمە ئەو ئیشکالیەتەیە کە میسر ئێستا بەدەستی ئیخوانەکانەوە بەدەستیەوە دەناڵێت و لەهەرێمی کوردستانیش بەدەستی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، ئیخوانەکانی میسر دەیانەوێت هەموو شتێك بە ئیخوان بکەن و لە روانگەی ئیخوانەوە پێناسەی بکەن، بزووتنەوەی گۆڕانیش بەهەمان شێوە دەیەوێت بێجگە لەو تێڕوانینەی خۆی بۆ سیاسەت هەیەتی، مانای سیاسەت لەکوردستان کۆتایی بێت.



بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا لەم سەردەمەدا چۆن دەتوانرێت سنوورێك بۆ ئەو دوژمنانەی كۆمەڵگەی كراوە دابنرێت كە دەیانەوێت بە میكانیزمی دیموكراتی كۆمەڵگە بەرەو كۆمەڵگەیەكی داخراو ببەن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا بۆچوونێكی تەقلیدی هەیە كە پێیوایە چۆن دوژمنەكانی كۆمەڵگەی كراوە بە داڕشتنی بەرنامە و بە بەكارهێنانی شێوازی جیاواز هەوڵدەدەن كۆمەڵگەی كراوە بگێڕنەوە بۆ كۆمەڵگەی داخراو، بەهەمان شێوە دەبێت دیموكراتخوازانیش بەرنامەی خۆیان هەبێت، بەڵام ئەم بۆچوونە بەرەو ئەوەمان دەبات كە بەم بەرنامەیە دیموكراتخوازانیش بەرەو فیكری تۆتالیتاری هەنگاو هەڵبگرن، بۆیە تەنیا ڕێگە بۆ سنورداركردنی ئەو فیكرانەی دژی كۆمەڵگەی كراوەن، ئەوەیە دامەزراوەكانی سیستمی دیموكراتی بەهێز بكرێت، بەجۆرێك كە دامەزراوەكانی سیستمی دیموكراتی بتوانێت بە شێوازی دوور لە توندوتیژی هەم كۆمەڵگە بپارێزێت و هەمیش خۆشگوزەرانی لەكۆمەڵگە دروست بكات، ئەو كاتەی دامەزراوەكانی سیستمی دیموكراتی بەهێز بن لەهەمانكاتدا دەركەوتنی دوژمنەكانی كۆمەڵگەی كراوەش سنووردار دەبن، ئەمەش وەك دیسان پۆپەر ئاماژەی پێكردووە، پێش ئەوەی ڕووبەڕووی دوژمنەكانی كۆمەڵگەی كراوە ببینەوە، گرنگە توانای ئەو هێز و لایەنانە بزانین، دەبێت لەخاڵی بەهێزەوە ڕووبەڕووی ئەو لایەنانە ببینەوە، خاڵی بەهێزی ئەوان ئەوەیە چۆن دامەزراوەكانی سیستمی دیموكراتی لاواز دەكەن، بۆیە كاتێك دامەرزاوەكان بەهێز بن، ئەوا لەبەردەم هێزی كۆمەڵگەی كراوە و سیستمی دیموكراتیدا چۆك دادەدەن.

**سیاسەت و بەرژەوەندی گشتی**

لەم دێڕانەدا كاتێك باسی سیاسەت و پیادەكردنی سیاسەت دەكەین، ئەوا باسی سیاسەت و پیادەكردنی سیاسەت لە كۆمەڵگەیەكی دیموكراتی دەكەین، لەم كۆمەڵگەیەدا مرۆڤ توخمی سەرەكی سیاسەتە و، سیاسەتیش پێداویستی سەرەكیە بۆ مرۆڤ بۆ ئەوەی كاروبارەكانی كۆمەڵگەی خۆی پێ ڕێكبخەن، ئەمەش مانای ئەوەیە سیاسەت و پیادەكردنی سیاسەت هونەرێكە بۆ پێكەوە كۆكردنەوەی هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەكان و نەتەوەو ئایینە جیاوازەكان لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی كۆمەڵگەدا، كەواتە ئەوەی لە كۆمەڵگەی دیموكراتیدا دەبێتە پێش مەرج بۆ سیاسەت كردن، ئەوەیە دەبێت سیاسەتمەداران ئەو چوارچێوەی سیاسەتی تێدا دەكەن بكەوێتە خوار

**ئەوەی لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا دەبێتە پێش مەرج بۆ سیاسەت کردن، ئەوەیە دەبێت سیاسەتمەداران ئەو چوارچێوەیەی سیاسەتی تێدا دەکەن بکەوێتە خوار بەرژەوەندی گشتیەوە و هەوڵەکان و بیروبۆچوونەکان هەر چۆنێک بن، دەبێت لەخاڵێکدا پێکبگەن و کۆدەنگی و یەک گوتاری دروست بێت، کە ئەویش بەرژەوەندی کۆمەڵگەیە**

بەرژەوەندی گشـــتیەوە و هەوڵەکان و بیروبۆچوونەکان هەر چۆنێك بن، دەبێت لەخاڵێکدا پێکبگەن و کۆدەنگی و یەك گوتاری دروســـت بێت، کە ئەویش بەرژەوەندی کۆمەڵگەیە، بۆیە دەکرێت حزبێکی سیاسیی خۆی بە نوێنەری چینێکی دیاریکراو بزانێت یان بیروبۆچونێکی دیاریکـــراو بزانێـــت، بەڵام بەرگریکردنـــی لەو چینە دیاریکـــراوە یان هەر چۆنێك سیاســـەت پیادە بکات، ئەوا دەبێت بەرژەوەندی گشـــتی لەبەرچاوبگرێت، لەم حاڵەتەدا راســـتە حزبەکان بیروبۆچوون و سیاســـەتی جیـــاواز پیـــادە دەکەن، بـــەڵام ئامانجـــی هەموویان جێبەجێکردن و پاراســـتنی بەرژەوەندی گشـــتیە، خۆ ئەگەر لەم چوارچێوەیە هات و پیادەکردنی سیاســـەت بووە بەرژەوەندی حزبی یان بەرژەوەندی حزبی جێگەی بەرژەوەندی گشتی گرتەوە، ئەوا ئەم جۆرە سیاسەتکردنە کاتێك لەچوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی دێتە دەرەوە، ئەوا پێی ناگوترێت سیاسەت بەڵکو پێی دەگوترێت دژە سیاسەت یان پیشە، ئەمەش واتە سیاسەتکردنیش وەك هەر پیشـــەیەکی دیکەی لێ دێت کە لە بازاڕدا خاوەن پیشەکان پیادەی دەکەن و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەخەنە پێش بەرژەوەندی گشتیەوە.

هەربۆیە کاتێك سیاســـەت لەبەرژەوەندی گشـــتیەوە دەبێتە پیشـــە، ئیتر هەنگاو بەرەو تاکڕەوی خۆسەپێنی هەڵدەگرێت، دروســـت حزب دەبێتە ئـــەو دوکانەی کە دوکاندارەکـــە دەیەوێـــت بەهەر شـــێوازێك بێت کاڵای دوکانەی بەســـەر کڕیارەکانیدا ســـاخبکاتەوە، ئەوجا ئەو کاڵایە ســـوودی بـــۆ کڕیارەکە هەبێـــت یان نە، ئەوا بەرژەوەندی دوکاندارەکە لەســـەرووی بەرژەوەندی گشتیەوە دەبێت، ئەم حاڵەتە ئەگەر بۆ کاسبکار بەرەو ئەوەبچێت کە پێی دەگوترێت دەســـتبڕینی کڕیار، ئەوا لە سیاسەتدا بەرەو سەرهەڵدانی تۆتالیتاریەت هەنگاو هەڵدەگرێـــت، ئەم فیکـــری تۆتالیتاریەتە مەرج نییە هەموو کات لە پیادەکردنی دەوڵەتەوە ســـەرهەڵبدات، بەڵکـــو زۆر جار ئـــەم فیکرە لە هێزێکی سیاســـیەوە ســـەرهەڵدەدات کە کەشوهەوا و میکانیزمی سیستمی دیموکراتی بە فرســـەت وەردەگرێـــت بۆ ئەوەی بگاتە دەسەڵات، کە گەیشتە دەسەڵات سیستمی دەوڵەت لە دیموکراتیـــەوە دەگۆڕێت بۆ تۆتالیتاری، ئەمەش وەك پەتای سەرهەڵدانی پۆپۆلیزمی چەپ و نیوپۆپۆلیزم لەبەشـــێکی زۆری ئەمریکای لاتینی بۆتە هۆکاری ئەوەی دامەزراوەکانـــی دەوڵەت لەوپەڕی لاوازیدا بن، بەڵام پرســـیاری گرنگ لێـــرەدا ئەوەیە، ئایا فیکری تۆتالیتاریزم سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرســـیارە گرنگە بگەڕێینەوە بـــۆ مێژووی نزیك نـــەك دوور، لەبەر ئەوەی لەمـــاوەی کەمتر لە پەنجا ســـاڵدا(١٩٤٤-١٩٨٩) دووجار فیکـــری تۆتالیتاری لەبەردەم لیبرال دیموکراتی شکستی هێناوە، یەکەمیان لە جەنگی دووەمی جیهانی کە هەردوو فیکری نازیزم و فاشیزم شکســـتیان هێنا، لەدووەمیشیاندا لە ساڵی ١٩٨٩ کە بلۆکی سۆشیالیســـتی لەبەر یەك هەڵوەشا، ئەمەش مانای ئەوەیە فیکری تۆتالیتاری و شـــمولی جۆرێك لە ئیزعاجی و ئاڵۆزی لە جیهان و کۆمەڵگە دروســـت دەکات، بەڵام لەبەردەم دیموکراتیدا شکســـت دەهێنێت، ئەگەر ســـەبارەت بە شکستهێنانی فیکری شمولیش ئەو پرسیارە بکەین بۆچی ئەم فیکرە شکست دەهێنێت لەکاتێکدا هەڵگرانی ئەم بیروبۆچوونە خۆیان وا پیشاندەدەن کە ئەوان لەهەموو کەس زیاتر بەرگری لەبەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیان دەکەن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا تۆژەران و پسپۆڕانی تایبەتمەند لە بواری فەلســـەفەی سیاسەت جەخت لەســـەر ئەوە دەکەنەوە، بەوەی راستە هەڵگرانی فیکری تۆتالیتاری بانگێشەی ئەوە دەکەن کە بەرگری لە بەرژەوەندی گشتی دەکەن، بەڵام لەم بانگێشەیەدا هەستی مرۆڤایەتی لە مرۆڤ دادەماڵن و مرۆڤەکان دەکەنە ئامێرێك بۆ سیاسەتکردن نەك سیاســـەت بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە بێت، لەمەش گرنگتر لەبەر ئەوەی هەڵگرانی فیکری تۆتالیتـــاری لەبەر ئـــەوەی پێیانوایە ئـــەوان خاوەنی هەقیقەتن و ئەوان بەرژەوەندی کۆمەڵگە دەزانن، کەواتە هەوڵدەدەن خەڵك بەو فیکـــرە تاکڕەوییە قەناعەت پێ بکەن، بۆ ئەوەشی ئەم کارەیان بۆ مەیسەر بێت و بتوانن کۆنترۆڵـــی ئەقڵی هاووڵاتیان بکەن، ئەوا پێناســـەی سیاســـەت لە هونەری کۆکردنـــەوەی جیاوازییەکانەوە دەگۆڕن بۆ هونەری پۆلێنکردنی دۆســـت و دوژمن، ئەمـــەش بەو مانایە ئەوەی بیروباوەڕێکی جیاوازی لە بیرکردنەوەی ئەو حزبە هەبێـــت ئەوە دوژمنە و دەبێت وەك دوژمـــن حســـابی لەگەڵ بکرێـــت، ئەگەر وەك نموونە سەیری شێوازی پیادەکردنی ئەم جۆرە سیاسەتە بکەین لە مێژوودا، ئەوا دەبینین فاشـــیزم لە ئیتالیا و نازیزم لە ئەڵمانیا و فیکری تۆتالیتاری شیوعیەت لە دەوڵەتانی بلۆکی سۆشیالیســـتی و سۆڤیەتی پێشان، هەموو ئامانجیـــان ئەوەبووە کۆمەڵگـــە یەك رەنگ بیربکاتەوە و ئەوەشـــی بەوجۆرە بیری نەکردبێتەوە ئەوا بەدوژمن لە قەڵەمـــدراوە، لە دوای رووخانی دیواری بەرلینیشەوە، ئەگەر ســـەیری ئەو فیکرە تۆتالیتارییە چـــەپ و ئیســـلامەویانە بکەیـــن کە بـــە ناچاری

**راستە هەڵگرانی فیکری تۆتالیتاری بانگێشەی ئەوە دەکەن کە بەرگری لە بەرژەوەندی گشتی دەکەن، بەڵام لەم بانگێشەیەدا هەستی مرۆڤایەتی لە مرۆڤ دادەماڵن و مرۆڤەکان دەکەنە ئامێرێک بۆ سیاسەتکردن نەک سیاسەت بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە بێت**

تێکەڵاوی پرۆسەی دیموکراتی دەبن و دەیانەوێت بە میکانیزمەکانی دیموکراتی بگەنە دەسەڵات، ئەوا هەست دەکەین ئیسلامەویەکان ئەوجا ئیخوان بن یان سەلەفی یان حزبە ئیسلامەوییە شیعەکان، هەموو کات دوژمنێکی سەرسەختیان بۆ خۆیان دروستکردووە و خەڵك بەرەو رووی ئەو دوژمنە سەرسەختە جۆش دەدەن کە ئەویش رۆژئاواو ئەمریکایە، ئەوەی سەیرە حزبە ئیسلامەوییەکان رازین بەمیکانیزمی دیموکراتیەتی رۆژئاوا بگەنە دەسەڵات، بەڵام لە سیاسەتکردنی رۆژانەیاندا دوژمن و شەیتانی گەورە رۆژئاواو ئەمریکایە، ئەم سیاسەتەی ئیسلامەوییەکان پیادەی دەکەن، ئەو سیاسەتکردنەیە کە پێویستی بە دوژمنێکی سەرسەختە، یان پیشاندانی بەرامبەرە بە دوژمن، حزبە ئیسلامەوییەکان بە دووشێوە دوژمنەکان پۆلین دەکەن، یەکەمیان دوژمنێکی گشتی و سەرەکییە کە رۆژئاواو ئەمریکایە، دووەمیان دوژمنێکی تایبەتیە کە لەناوخۆ پێویستیان پێیەتی ئەویش پیشاندانی ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەیە کە دەکەونە دەرەوەی ئیسلامەوییەکان، ئەوانەش وەك دوژمن و کافر بۆ فیکری ئیسلامەوی پیشاندەدەن و لە بانگێشەی هەڵبژاردنەکانیشدا، وەك لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ لە کوردستان بینیمان، هەندێك لە کادرانی حزبە ئیسلامەویەکان بەوجۆرە هەوڵیاندابوو دەنگ کۆبکەنەوە، بەوەی ئەگەر دەنگ بە حزبە ئیسلامیەکان نەدەن، زیانی بۆ باوەڕیان دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەم حزبە ئیسلامەویانە بەرنامەی خوا جێبەجێ دەکەن، شێوازێکی دیکەی سیاسەتی دوژمن دروستکردن، لەو بزاڤ و حزبە چەپانەوە سەرهەڵدەدەن کە سیستمی لیبرال دیموکراتی وەك سیستمی سەرمایەداری و بەکۆیلەکردنی مرۆڤ پێناسە دەکەن و هەوڵدەدەن نەهامەتی و بێکاری و هەژاری هاووڵاتیان بکەنە توخمی سەرەکی سیاسەت کردن و ئەو سیستمەی کە بەشێوازێکی دیموکراتی وڵات بەڕێوە دەبات وەك سیستمێکی فاشی یان نازی بۆ خەڵکی وێنا بکەن، داوای گۆڕینی سیستمی سیاسیی وڵات دەکەن لە دیموکراتیەوە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو سیستمەی کە خۆیان پێی دەڵێن سۆشیالیزمی سەدەی بیست و یەك، ئەم حاڵەتە چۆن ئێستا لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و وڵاتانی پۆست کۆمۆنیست بوونی هەیە، بەهەمان شێوە لە هەرێمی کوردستانیش بوونی هەیە، ئەوەتا بزووتنەوەی گۆڕان کە لەسەر پاشخانی رێکخراوێکی مارکسی هاتۆتە ئاراوە بەهەمان شێوەی پۆپۆلیستە چەپەکانی ئەمریکای لاتینی دەیەوێت سیمای سیستمی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان وەك دوژمنێکی شەڕانگێز وێنا بکات، ئەمە نەك هەر لە پرۆگرامی رێکخستنەکانی خۆیاندا بەڵکو ئەمە بۆتە ئەدەبیاتی راگەیاندنیان و زۆر بەراشکاوی و بێ سڵەمینەوە بەرامبەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی وەك دوو حزبی فەرمانڕەوا بەکاری دەهێنن، لەمەش گرنگتر هەموو هەوڵی گۆڕان و نەوشیروان مستەفای رێکخەری گشتی حزبی گۆڕان بۆ ئەوەیە هەموو فیکرێك بخەسێنێت و لەدەرەوەی بیرکردنەوەی ئەم حزبە بیرکردنەوەیەکی دیکە بەرهەم نەیەت، ئەگەر ئەم ئاراستەیە بەوجۆرە نییە، چۆن حزبێکی سیاسی کە خۆی بە بەشێك لە پرۆسەی سیاسی وڵات دەزانێت، رکەبەرەکانی بە دوژمن پێناسە دەکات و چۆن هەوادارانی خۆی بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمن جۆش دەدات؟ ئایا بەدوژمن ناساندنی شەریکی سیاسی لە پرۆسەی دیموکراتی بوونی هەیە، یان ئەمە داهێنانە گەورەکەی حزبی گۆڕانە؟

### حزبی گۆڕان
### سیاسەت کردن بە دوژمنایەتی تێگەیشتووە

ئەو ١٠ ملیۆن دۆلارەی مام جەلال دای بەنەوشیروان مستەفا بۆ ئەوەی کۆمپانیای وشەی پێ دابمەزرێنێت، بێجگە لەبەرهەمهێنانی چەند وشەیەك کە وەك چەکێك بۆ لێدانی نەیارەکانی بەرهەمهێناوە، شتێکی بەرهەم نەهێناوە کە لەخزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا بێت، هەر بۆ نموونە بەرهەمی ئەم کۆمپانیایە کە سەرمایەکەی ١٠ ملیۆن دۆلار بووە بریتی بووە لە:

١. وێناکردنی پارتی و یەکێتی بە حزبی بەعس و سەرکردایەتیەکەیان بە مەجلسی قیادەی سەورەی بەعس.

٢. ناشرینکردنی ئیدارەی سلێمانی بە دروستکردنی گەندەڵی، لەبەر ئەوەی هەتا ٢٠٠٩ پارێزگاری سلێمانی سەر بە حزبی گۆڕان بووە، هەموو چاودێرانی یاسایی و چاودێری دارایی دەتوانن بەراوردێك لەنێوان ئیدارەی دوای ٢٠٠٩ی سلێمانی و پێش ٢٠٠٩ی ئەو شارە بکەن، ئەوکات بۆیان دەردەکەوێت، کە چۆن کۆمپانیای وشە هەم گەندەڵی دروستکردووە و هەمیش گەندەڵی وەك چەکێك بەکارهێناوە بۆ ناشرینکردنی حکومڕانی لە سلێمانی بە تایبەتی و لە کوردستان بەگشتی.

٣. داننەنان بە ئاکامی هەڵبژاردن و رەتکردنەوەی ئەو حکومەتەی کە لە ئاکامی دەنگدانی خەڵکی کوردستانەوە هەڵبژێردراوە، لە تەمەنی حزبی گۆڕاندا

> **کاتێک سیاسەت لەبەرژەوەندی گشتیەوە دەبێتە پیشە، ئیتر هەنگاو بەرەو تاکڕەوی خۆسەپێنی هەڵدەگرێت، دروست حزب دەبێتە ئەو دوکانەی کە دوکاندارەکە دەیەوێت بەهەر شێوازێک بێت کاڵای دوکانەی بەسەر کڕیارەکانیدا ساخبکاتەوە، ئەوجا ئەو کاڵایە سوودی بۆ کڕیارەکە هەبێت یان نە، ئەوا بەرژەوەندی دوکاندارەکە لەسەرووی بەرژەوەندی گشتیەوە دەبێت**

> **ئەوەی سەیرە حزبە ئیسلامەوییەکان رازین بەمیکانیزمی دیموکراتیەتی رۆژئاوا بگەنە دەسەڵات، بەڵام لە سیاسەتکردنی رۆژانەیاندا دوژمن و شەیتانی گەورەیان رۆژئاواو ئەمریکایە**



دوو کابینە دامەزراوە کە کابینەی شەشەم و حەوتەمە، ئەم حزبە مۆدێرنە هەردوو حکومەتی ڕەتکردۆتەوە و پەرلەمانتارانی نەك دەنگیان نەداوە بەڵکو بایکۆتی دانیشتنی متمانەدانیان بە حکومەت کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم حزبە مۆدێرنە کە بەشداری پرۆسەی دیموکراتی لەوڵاتدا دەکات و مۆڵەتی یاسایی لە وەزارەتی ناوخۆی ئەو حکومەتە وەرگرتووە، ئەو حکومەتەش بەشەرعی نازانێت.

٤. تێکدانی مانای ئۆپۆزسیۆن، لەبەر ئەوەی ئۆپۆزسیۆن حزبێکی موخالیفە نەك دوژمنی حزبە فەرمانڕەواوەکان، بەڵام داهێنانی حزبی گۆڕان ئەوەیە کە پێناسەیەکی تازەی بۆ ئۆپۆزسیۆن داناوە، ئەویش ئەوەیە حکومەت دوژمنە هەرچی پێتان دەکرێت بۆ گۆڕانی بیکەن تەخسیر مەکەن.

٥. دابەشکردنی کۆمەڵگە ئەویش داهێنانێکی دیکەی حزبی گۆڕانە، ئەو حزبە بەوجۆرە لەمانای ئۆپۆزسیۆن بوون گەیشتووە کە دەبێت ئۆپۆزسیۆن پەرژینێك لەنێوان خۆی و حکومەت دروست بکات، ئەوەی لەدیوی پەرژینی حکومەت بێت دوژمنە و ئەوەی لەدیوی پەرژینی ئۆپۆزسیۆنەکەی گۆڕان بێت دۆستە، پرسیار لەسەر ئەم داهێنانە ئەوەیە ئایا دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ دۆست و دوژمن دژی بەرژەوەندی گشتیە یان خزمەتی بەرژەوەندی گشتی دەکات؟ بێگومان ئەرکی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە کۆمەڵگە یەکبخات نەك کۆمەڵگە دابەش بکات. کاتێك ئۆپۆزسیۆن هەوڵی بۆ ئەوەبێت کۆمەڵگە دابەش بکات، ئەوا بەرژەوەندی حزبی خۆی خستۆتە سەرووی بەرژەوەندی گشتیەوە.

٦. لەبەرچاونەگرتنی قۆناخی هەستیار و ناسکی هەرێمی کوردستان و پیادەکردنی سیاسەتی ڕەتکردنەوەی ڕەها و، هەروەها ڕەتکردنەوەی شەراکەت لە پرۆسەی سیاسیدا، ئەم لایەنە لەوانەیە هەندێك لە پسپۆڕانی سیاسەت بەو جۆرە باسی لێوە بکەن بەوەی پێویستە لایەنی دەسەڵات دەستپێشخەر بێت بۆ ئەوەی ئەو لایەنە خۆی بە بەشێك لە پرۆسەی سیاسی بزانێت، بەڵام لایەنی دەسەڵات و هەردوو حزبی سەرەکی پارتی و یەکێتی هەنگاویان هەڵگرتووە، بەڵام حزبی گۆڕان ئامادەباشی ئەوەی تێدانەبووە خۆی بە بەشێك لە پرۆسە سیاسیەکە بزانێت و بەردەوام هەوڵی داوە کە دامەزراوە شەرعیەکانی هەرێمی کوردستان لاواز بکات.

٧. ئێستا شالاوی ڕاگەیاندنی گۆڕان ڕووی کردۆتە پارتی دیموکراتی کوردستان و بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە پارتی

**چۆن حزبێکی سیاسی کە خۆی بە بەشێک لە پرۆسەی سیاسی وڵات دەزانێت، ڕکەبەرەکانی بە دوژمن پێناسە دەکات و چۆن هەوادارانی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن جۆش دەدات؟ ئایا بەدوژمن ناساندنی شەریکی سیاسی لە پرۆسەی دیموکراتی بوونی هەیە، یان ئەمە داهێنانە گەورەکەی حزبی گۆڕانە؟**


وەك دوژمنێكی خۆی وێنا بكات، لە كاتێكدا پارتی دیموكراتی كوردستان نەك كێشەی لەگەڵ حزبی گۆڕان و ڕێكخەرەكەی نییە، بەڵكو هەوڵیداوە، حزبی گۆڕان لەبری ئەوەی ئۆپۆزسیۆنێكی سلبی بێت، بگۆڕێت بۆ ئۆپۆزسیۆنێكی ئیجابی و پرۆسەی دیموكراتی پێ كامڵ بكرێت، بەڵام لەبەرامبەردا حزبی گۆڕان ئەم هەڵوێستەی پارتی خراپ دەخوێنێتەوە، پێیوایە ڕێزگرتن لە فرەیی سیاسی لەكۆمەڵگەی دیموكراتی، لایەنێكی بێهێزی پارتی دیموكراتی كوردستانە. لەوە بێ ئاگایە كە خاڵی بەهێزی هەر حزبێكی سیاسیی پابەندبوونیەتی لە دیموكراتی و پاراستنی سیستمی دیموكراتی لەكۆمەڵگەدا.

ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا سەیری ئەركەكانی حزبی ئۆپۆزسیۆن لە كۆمەڵگەی دیموكراتی بكەین، ئەوا هەموو ئەو پسپۆر و ئەكادیمیانەی لەسەر ئەركی حزبی سیاسی لە كۆمەڵگەی دیموكراتی توێژینەوە دەكەن، لەو خاڵەدا كۆكن كە حزبە سیاسیەكانی ناو كۆمەڵگە بە حزبەكانی فەرمانڕەوا و حزبەكانی ئۆپۆزسیۆنەوە كۆمەڵگە لەچوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی كۆدەكەنەوە و هەموویان بۆ یەك ئامانج سیاسەت دەكەن كە ئەویش جێبەجێكردن و پاراستنی بەرژەوەندی گشتیە، هەربۆیە ئەگەر لەم چوارچێوەیە ئەركی حزبی ئۆپۆزسیۆن سەیر بكەین، ئەوا دەبینین ئەركی ئۆپۆزسیۆن دوای داننانی بە شەرعیەتی حكومەتی هەڵبژێردراودا، ئەركی چاودێریكردن و دەسنیشانكردنی هەڵەكانی حكومەت یان دەسەڵاتە، بەڵام چاودێری و دەستنیشانكردنی هەڵە بۆ بەرژەوەندی گشتی كۆمەڵگەیە نەك بەرژەوەندی حزب، هەروەها ناكرێت حزبی سیاسیی بەرژەوەندی گشتی پێشێل بكات لە پێناوی بەرژەوەندی حزبی، بۆیە لەم خاڵەدا كاتێك لایەنێكی سیاسیی وەك حزبی گۆڕان هەموو میكانیزمەكانی سیستمی دیموكراتی بۆ گۆڕانكاری ڕەتدەكاتەوە و دەیەوێت بەو شێوازە خۆی پیشانبدات كە بێجگە لەخۆی هەموو ئەوانەی لەدەسەڵاتن دوژمنن، ئەوا سەبارەت بەم هەڵوێستە پسپۆرانی سیاسەت ئەوەی لێدەخوێننەوە، ئەم هەڵوێستە كارەساتی كۆمەڵایەتی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەبەر ئەوەی هەوڵدان بۆ گۆڕینی میكانیزمی گۆڕانكاری لە شێوازی دامەزراوەیی و ئاشتیانەوە بۆ شێوازی توندوتیژی، واتە ئەو لایەنە دەیەوێت كودەتا بەسەر دیموكراتیدا بكات، ئەم حاڵەتەش دەبێتە هۆكاری ئەوەی ئاشتی كۆمەڵایەتی بخاتە مەترسیەوە و كاریگەری لەسەر سەقامگیری وڵات دروست بكات.

**ئایا دابەشكردنی كۆمەڵگە بۆ دۆست و دوژمن دژی بەرژەوەندی گشتیە یان خزمەتی بەرژەوەندی گشتی دەكات؟ بێگومان ئەركی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە كۆمەڵگە یەكبخات نەك كۆمەڵگە دابەش بكات. كاتێك ئۆپۆزسیۆن هەوڵی بۆ ئەوەبێت كۆمەڵگە دابەش بكات، ئەوا بەرژەوەندی حزبی خۆی خستۆتە سەرووی بەرژەوەندی گشتیەوە**



# زەبروزەنگی کەمینە و زۆرینەی بێدەنگ



د. ئاراس عەبدولکەریم
بۆ گولان نووسیویەتی

لە دنیای سیاسەتدا هەرکات باس لە زەبروزەنگ بکرێت، ئەو وێنایەی دەسبەجێ دێتە نێو هزرمان، هەژموونی دەنگ و ڕەنگی زۆرینەیەکی خۆسەپێنە بەسەر کەمینەدا تا ڕادەی چەپاندنی دەنگ و کوژاندنەوەی ڕەنگیشی، بەڵام داخۆ شتێک نییە بەناوی زەبروزەنگی کەمینە؟ بۆئەوەی لە سەرەتاوە مەبەستەکەم ڕوون بێت، ئەو زەبروزەنگەی کە مەبەستی ئەم نووسینەیە، ئەو جۆرەیانە کە بە سیمبولی (ڕەمزی) دەناسرێت، بۆیە پێویست بە هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەزموونی دەسەڵاتی هیچ سیستمێکی دیکتاتۆریی خۆسەپێن بەسەر گەلێک یان چەند گەلێکدا و تەنانەت کاری توندوتیژی و تیرۆریستی هیچ گرووپ و بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنیش ناکات هەتا بەنموونەی ئەزموونی زەبروزەنگی فلان و فیسار کەمینە لەسەر کۆمەڵگایەک ئەژماریان بکەین. ئەوەی مەبەستی ئەم بابەتەیە، ئەو جۆرە هەژموونە (نەرمە)یە کە کەمینەیەکی دیاریکراو لەڕێگەی (زەبروزەنگی ڕەمزی)یەوە بەسەر زۆرینەیەکدا پیادەی دەکات، کە دەکرێ بە (زۆرینەی بێدەنگ) ناوی ببەین.

لە میدیادا تیۆرەیەک هەیە بەناوی (کەمینەی بێدەنگ) کە بەهۆی هەژموون و فشاری بەردەوامی گوتار و میدیای زۆرینەوە دەنگی کپ دەکرێ و لەنێو زەحمەتی گوتارە میدیاییەکاندا دەنگی ئەو هەمیشە دوایین دەنگە کە ببیسترێ، ئەمە ئەگەر دەنگێکی بیستراوی هەبێت. لە دنیای میدیادا شتێک نییە بەناوی بێدەنگبوون، واتە بێدەنگییەکی خۆڕسکانە کە هیچ مەبەستێکی سیاسی یان هەر مەبەستێکی دیکەی لەپشتەوە نەبێت. بەڵکو ئەوەی هەیە بێدەنگکردنە، ئیدی لەمیانەی میکانیزمی جیاجیای دەسەڵاتەوە بێت (دەسەڵاتی سیاسی بێت یان ئایینی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش) یان هەر شێوازێکی تری چەپاندنی دەنگ و ڕەنگ.

لەهەموو بارێکدا ئەو میکانیزمەی بۆ بێدەنگکردن بەکاردەبرێت دەبێ بە ڕێگاکانی (زەبروزەنگ)دا تێبپەڕێ، ئەمەش بەو مانایە نایەت کە زەبروزەنگی جەستەیی (یان ماددی) تاکە هەڵبژاردە بێت، بەڵکو لەم کایەیەدا هەمیشە گونجاوترین هەڵبژاردە بریتییە لە میکانیزمەکانی (زەبروزەنگی ڕەمزی).

ئەگەرچی لەگەڵ ناوهێنانی چەمکی (زەبروزەنگی ڕەمزی) دا دەستوبرد سێبەری (بۆردیۆ) و تیۆرەکەی لەمەڕ زەبروزەنگی تایبەت بە کایەی (پەروەردە و خوێندن) بەسەر بابەتەکەدا باڵ دەکێشێ، بەڵام ناوبردنی ئەم چەمکە لەم نووسینەدا دەقاودەق بەهەمان مانای مەبەست و دەلالەتەکانی نییە لای (بۆردیۆ)، مەگەر لە تەنها لە هێڵێکی باریکدا لەگەڵیدا یەکبگرێتەوە کە دواتر ئاماژەی پێدەدەین.

ئەمجۆرە لە زەبروزەنگ لە سادەترین دەربڕینـدا دەکرێ لە (هەژموونی وێنە و مانا و وێناکردن)دا کورتی بکەینەوە، کە هەمیشە خۆرێک لە دەستپێشخەریی دەخوازێت، هاوکات ئەم کردەیە پێویستی بە ژینگەیەکی ناجێگیر (یان نائارام) و شڵەژاوی ئەوتۆ هەیە کە کەمترین بوار بۆ بیرکردنەوە و ڕامانی لۆجیکییانەش نەهێڵێتەوە. هەربۆیە دۆخی نائارام و قەیراناویی هەمیشە گونجاوترین ژینگەی سەرهەڵدان و گەشەی ئەمجۆرە زەبروزەنگەن، خۆئەگەر دۆخەکە بۆخۆی قەیراناویی نەبێت و جۆرێک لە ئارامیی ڕێژەییشی هەبێت، ئەوا زۆرجار پەنا دەبرێتە بەر چەند بارەکردنەوەی هەمان ئەو گوتار و خوێندنەوە

میدیاییانەی کە بەتۆنی قسەکردن لەمەڕ تەقینەوە و قەیرانی گەورە ئاڕاستەدەکرێن ئەگەرچی ئەو بابەتەی کە قسەی لەسەر دەکرێت هەر رووداوێکی ئاسایی یان هەر بابەتێکی سواویش بێت کە پێشتر قسەی لەسەر کرابێت.

راستە کەمینە ئەگەر لە فۆرمی حزبدا بێت، بەتایبەت گەر ئەو حزبە تازە دامەزرێنرابێت، هیچ شتێک بۆ ئەو لە پرۆسەی (خۆنمایشکردن) گرنگتر نییە، بۆیە دەشێ زۆرجار دەنگ هەڵبڕینی لەڕاددەبەدەری ئەمجۆرە کەمینەیە بە کردەی خۆنمایشکردن حیساب بکرێت، بەڵام کاتێک ئەم کردەیە لەوە دەردەچێت کە تەنها میکانیزمێکی بەکاربراوبێت و هیچی دی، کاتێک دەبێتە تایبەتمەندییەکی دیاری خۆئاڕاستەکردن، ئیدی دەبێ ئەم پرۆسەیە وەک بەشێک لە جیهانبینی ئەو لایەنە بناسین. تا ئێرە هیچ کێشەیەک لەمەڕ ئەم جیهانبینییە لە ئارادا نییە، بەڵکو کێشەکە لەو ساتەوە دەستپیدەکات کە پرۆسەی خۆنمایشکردنەکە لەبنەڕەتدا بەمەبەستی نمایشکردنی هیچ خودێک نەبێت، بەڵکو بەمەبەستی سڕینەوە یان هیچ نەبێ شێواندنی (ئەوی دی) یان (ئەوانی دی) بێت، لێرەوەیە کە ئەم پرۆسەی خۆنمایشکردنە بۆخۆی دەبێتە جۆرێک لە (زەبروزەنگی رەمزی). پێشتر سەبارەت بەم چەمکە ئاماژەیەکی سەرپێییانەم بە (پییر بۆردیۆ)دا، ئەگەرچی تیۆرییەکەی تایبەت کردووە بەو میکانیزمی (سەپاندن)ەی کە لە سیستمی پەروەردە و خوێندندا پیڕەودەکرێت، میکانیزمێک کە بەسێ قۆناغی یەکترتەواوکەردا تێدەپەڕێت، هەر لە قۆناغی پێدانی مەعریفەوە تا سڕینەوەی قەناعەتە پێشینەکانی وەرگر و تا دەگات بەو قۆناغەی کە تێیدا وەرگر ناچارکراوە مەعریفە و باوەڕە وەرگیراوەکان بکاتە قەناعەت و بڕوای خۆی و ئەوانەی پێشووی بسڕێتەوە. سەبارەت بەو میکانیزمەش کە لەو جۆرە خۆنمایشکردنەدا پیڕەودەکرێت کە ئاماژەم پێدا، تا راددەیەکی زۆر هەمان میکانیزمە بۆردیۆییەکەی تێدا بەڕێوەدەبرێت. چونکە لە ئاکامدا مەبەستی سەرەکی لە کۆی پرۆسەکە بریتییە لە جێپێلێژکردن بە کۆمەڵێک قەناعەت و جێگرتنەوەیان بەو قەناعەتەی کە وەرگری پێ تەلقینکراوە. دیارە ئەم پرۆسەیە لەحاڵەتێکدا پێناسەی زەبروزەنگی رەمزی وەردەگرێت کە میکانیزمی بەڕێوەبردنی لەنێو سیستمێکی دەسەڵاتی دیاریکراودا خۆی رێکخستبێ. وەک ئەوەی لای بۆردیۆ بریتییە لەو دەسەڵاتەی کە لەنێو سیستمی پەروەردە و خوێندندا دەدرێتە پرۆگرامی خوێندن و پەروەردە و لەوێشەوە دەدرێتە مامۆستا. هەر لەم دیدگایەوە دەکرێ بپرسین: ئەگەر ئەوەی هەمیشە خاوەنی جۆرێک لە دەسەڵات بێت، ئەو بەرەیە بێت کە بە (زۆرینە) ناو دەبرێت و بەم پێیەش دەبێ سەرچاوەی زەبروزەنگی رەمزی ئەمیان بێت نەک (کەمینە)، ئیدی چ لۆجیکێک لەوەدا هەیە کە باس لە شتێک بکرێت بەناوی (زەبروزەنگی کەمینە)؟ ئەگەرچی ئەم پرسیارە لە رووکەشدا شتێک لە لۆجیکی تێدا بەدیدەکرێت، بەڵام لەڕاستیدا بۆخۆی هەڵگری ئیشکالییەکی گەورەیە، ئیشکالییەتەکەش پەیوەستە بەو جیهانبینییەوە کە لەلایەک هەمیشە هەموو نێوەندێکی مرۆیی و هەر کۆمەڵگایەک تەنها بەسەر دوو بەرەی دژ بەیەکی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدا دابەش دەکا و لەلایەکی تریشەوە کورتبینییەکی زۆری تێدایە بەوەی هەموو چەمکی دەسەڵات بەتەنها لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی حکومەت یان سیستمی سیاسیدا کورت دەکاتەوە، هاوکات ئەو جیاوازییە گەورەیەش نابینێت کە لەنێوان کردەی بێدەنگبوون و پرۆسەی بێدەنگکردندا هەیە. ئیشکالییەک کە نەک تەنها لای سیاسەتوانان و بەس بگرە زیاتر لای رۆشنبیران و نووسەران و ئەوانەی کە وەک تیۆریست لەنێو بەرەی ئۆپۆزسیۆنی لەمەڕ خۆماندا خۆیان ناساندووە، هاوکات ئەو رۆشنبیرانەش کە خۆیان وەک بێلایەن دەناسێنن و ئاشکرا نووسین و هەڵوێستەکانیان پێچەوانەی ئەو خۆناساندنەیان نیشانداوین. لێرەوە گەرەکمە باسەکەم راستەوخۆ ببەستمەوە بە واقیعی سیاسیی خۆمانەوە کە بەبێ هیچ دوودڵییەک دەڵێم ئەگەر چەمکی (زۆرینەی بێدەنگ) بۆ هەر کۆمەڵگایەک شتێکی نالۆجیکی و نەشیاوبێت، ئەوا بۆ واقیعی سیاسیی ئێمە تەواو دیاردەیەکی بەدیهییە، وەنەبێ هۆکاری ئەمە بەتەنها هەژموونی گوتاری ئەو کەمینەیە بێت کە بەردەوام دەبێ بڵێ و بڵێ و هەمیشە شتێکی هەبێ بۆ گوتن و هەموو گوتنەکانیشی ئاماژەیەک بن بۆ راست و چەپهێنان بە دەنگ و رەنگی زۆرینەدا، زۆرینەیەک کە بەبێ مەرەخەسبوونی مەحاڵە شوێنێک هەبێ بۆ دەنگ و رەنگی ئەو کەمینەیە! بەڵکو هۆکاری سەرەکی بەبڕوای من ئەو فاکتەرە سۆسیۆسایکۆلۆجییەیە کە لەکۆهەستی دەستەجەمعیی ئێمەدا هەمیشە شەرعییەتێکی سەیر دەدات بە گوتاری دژ بە دەسەڵات، شەرعییەتێک کە مێژوویەکی دێرینی لەنێو دنیای کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە، بەجۆرێک کە مەسەلەی دژایەتیکردنی دەسەڵات جۆرێک لە بەهای ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیشی هەبووە. لێرەوە بۆ کەمینەیەکی وەک ئۆپۆزسیۆنی لەمەڕ خۆمان کەبۆخۆی گوتارەکەی سەرلەبن بە شوحنەیەکی پۆپۆلیستییانە بارگاویکراوە، مسۆگەرترین رێگە ئیشکردنە لەسەر ئەم نەستە دەستەجەمعییە کە بریتییە لە (هەستی مەزلوومی و غوبن). هەستێک کە لەڕێوە هەموو مافێک دەداتە خاوەنەکەی کە هەمیشە لە دۆخی هێرشبردندا بێت، ئەم دۆخە تەنها لەبەر ئەوە نییە کە بەرەی بەرامبەری بخاتە حاڵەتی دیفاع لەخۆکردنەوە و بەس، بەڵکو زیاتر لەبەرخاتری ئەو گوتارەیەتی کە دەبێ هەڵگری بێت، روونتر بڵێم، ئەو دەبێ هەمیشە سروشتێکی هەژموونکەرانەی هەبێت، ئەمەش دەخوازێ کە هەمیشە هێرشبکات، هێرشەکەشی دەبێ بۆخاتری ئەو خەونانە بێت کە لەهزرە پۆپۆلیستییەکەیدا راکشاون و یەکسانیان بکات بە ماف و داواکانی خەڵکی، هەربۆیە ئاساییترین شتی (نائاسایی) لای ئەم ئۆپۆزسیۆنە ئەوەیە کە هەمیشە لەبیری دەچێت کە ئەو لەواقیعدا نوێنەری کەمینەیە و هەمیشە نەک هەر بەناوی زۆرینە، بەڵکو بەناوی سەرجەمی کۆمەڵگاوە قسەدەکات! وەنەبێ ئەمەشی لە بێئاگایی یان نەزانییەوە بێت، وەنەبێ بەبەرنامەش کاری بۆکردبێت، بەڵکو لەبنەڕەتدا کردەی هەژموونبردن و پرۆسەی زەبروزەنگی رەمزیی بۆ بێدەنگکردنی بەرامبەر ئەوە دەخوازێ کە تۆ بەر لەهەر شتێک ژینگە و نێوەندە مرۆییەکەی لێ بسێنێت، راستتر بڵێم ئەو زەمینەیەی لێ بستێنیت کە بیەوێ لەسەری رابوەستێ. هەموو ئەمانە ئەگەرچی مەرج نییە بە پلانێکی ورد و میتۆدێکی دیراسەکراو کاریان بۆ کرابێت، بەڵام تا ئێستا لایەنی کەم لە رووی میدیاییەوە ئۆپۆزسیۆنی کەمینەی لەمەڕ ئێمە توانیوێتی لەمیانەی میکانیزمەکانی زەبروزەنگی رەمزییەوە دەنگی بەرزتربێت لە دەنگی زۆرینە.

**راستە کەمینە ئەگەر لە فۆرمی حزبدا بێت، بەتایبەت گەر ئەو حزبە تازە دامەزرێنرابێت، هیچ شتێک بۆ ئەو لە پرۆسەی (خۆنمایشکردن) گرنگتر نییە، بۆیە دەشێ زۆرجار دەنگ هەڵبڕینی لەڕاددەبەدەری ئەمجۆرە کەمینەیە بە کردەی خۆنمایشکردن حیساب بکرێت**

**ئەگەر چەمکی (زۆرینەی بێدەنگ) بۆ هەر کۆمەڵگایەک شتێکی نالۆجیکی و نەشیاوبێت، ئەوا بۆ واقیعی سیاسیی ئێمە تەواو دیاردەیەکی بەدیهییە**



داڤید ئیتان کۆربین بۆ گوڵان:

# کۆنگرەی جنیف ٢ ئەگەر ببەسترێت کێشەی سوریای پێ چارەسەر ناکرێت

**پرۆفیسۆر داڤید ئیتان کۆربین ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە و تۆژەرەیی باڵایە لە ئامۆژگای بەلفەر بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی هارڤارد و پسپۆر تایبەتمەندە لەسەر دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ئیسلامی، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای سوریا و هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ گرێدانی کۆنگرەی ژنیف و بەکارهێنانی چەکی کیماویی لەلایەن رژیمی ئەسەدەوە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر داڤید ئیتان کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە**

*** لەگەڵ ئەوەی ئێستا کێشەی سوریا بۆتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی، بەڵام ئەم بەنێو دەوڵەتیبوونە نەك نەیتوانیوە کێشەکە ئاڵۆزتر بووە، تۆچۆن سەیری ئەم بارودۆخە دەکەیت؟**

- ئەم بارودۆخەی سوریا پتر دابەشبوون و هاوپەیمانێتییەکانی دەرخست و زەقی کردنەوە، ئێران و سوریا و حزبوڵڵا و ڕوسیا لە دژی — کەم تا زۆر- هاوپەیمانە ئەوروپییە ڕۆژئاواییەکان و ئەمەریکا. لەبەر چەندین هۆکار تا ئێستا ئەمەریکا نەیویست تێوەبگلێت، گەورەترین هۆکار ئەوەیە کە ئێمە لە ئەمەریکا پێی دەڵێین شەکەت بوون بەدەست جەنگەوە « war fatigue»، چونکە ئێمە لە ٢٠٠١ەوە لە دوو شەڕی گەورەدابووینە لە ئەفغانستان و لە عێراق، چیتر وڵاتەکە خوازیاری شەڕێکی دیکەی نییە. زۆرێك لە شیکەرەوەکانی واشنتۆن سوریا بە هەڵدێرێك دەزانن، بە تەڵەیەکی دەزانن کە دەویسترێت ئەمەریکا ڕابکێشرێت بۆ ئەوەی دووچاری شەڕێکی دیکە بێت، ئەویش لە بارودۆخێکدا کە ڕوون نییە چ لایەنێك بگریت، چونکە- ئەو لایەنانە- سیاسەتێکیان نییە کە ڕاست و دروست بێت. لەبەر ئەوە هەر کارێك ئەنجام بدات دەبێتە ئەگەری ئەوە زیاد دەکات کە زیاتر و زیاتر لە شەڕی ئەو وڵاتەوە تێوەبگلێت. کەواتە پێم وایە تا ئێستا ئەمەریکا سیاسەتێکی ژیرانەی گرتۆتەبەر، بەڵام ناچار بوو- بەلای کەمەوە- و تا ڕاددیەکی دیاریکراو هاوکاری شۆڕشگێڕان بکات، ئەویش دوای ئەوەی ئاشکرابوو کە هێزەکانی ئەسەد چەکی کیمیاویان بەکارهێناوە. و لەبەر ئەوەی هاوپەیمانەکەمان- بەریتانیا- نیازی خۆی ڕاگەیاندووە کە چەك بدات بە شۆڕشگێڕان، ئەوا ئەمەریکا هەنگاو دەنێت بۆ پێدان چەك بە شۆڕشگێڕان. ئێمە تەنها چەکی بچووکیان

پێدەدەین و ڕەنگە دژە تانکیان بدەینێ، بەڵام چەکی دژە فڕۆکەیان پێنادەین. لەم چوارچێوەیەدا مانگی ڕابردوو سیناتۆر جۆن مەکین سەردانی ناوچەی شۆڕشگێڕەکانی سوریای کرد، بەڵام من پێموایە ڕەنگە هەندێ درەنگ بێت، دەیانتوانی کۆتایی بەم شەڕە بهێنن ئەگەر سەرچاوەیەکی زۆریان بۆ ئۆپۆزسیۆن تەرخان بکردایە، لەو باوەڕدانیم ئەمەریکا بە شێوەیەکی تایبەت خوازیاری ئەوەبێت ئەو سەرچاوە سەربازییە تەرخان بکات- بۆ ئەم مەبەستە-بۆ کۆتایی بە شەڕی سوریا. جۆن مەککەینیش بەشێکی بچووکە لەم مەسەلەیە، جۆن مەککەین، سیناتۆرێکی بە ساڵاچووە و دەستڕۆیشتویەکی زۆری نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی دەیەوێت. بۆ ماوەیەکی زۆرە ئەو هەوڵی ئەوە دەدات چەك بە شۆڕشگێران بدرێت. ئیدارەی ئۆباما بە ئاشکرا ڕایگەیاند بەکارهێنانی چەکی کیمیایی هێڵی سوورە، ئێستا کە ئەوە دەرکەوتووە کە بەکارهاتووە، ئەوا دەبێت کارێك و بکات و دەشیکات، بەڵام نەك لەبەر سەردانەکەی جۆن مەککەین.

*** بەڵام هاوکات هەوڵێکی نێودەوڵەتی لەچوارچێوەی کۆنگرەی ژنێف٢ لەئارادایە بەوەی کێشەکە بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، ئایا پێتوایە ئەم کۆنگرەیە کێشەکەی پێ چارەسەر بکرێت؟**

- من پێموایە ئەگەری ئەوەش لە ئارادانییە کۆنفرانسی جنێف-٢- ئەنجام بدرێت، ئەسەد پاڵنەری ئەوەی نییە بڕوات و ئۆپۆزسیۆنیش یەکگرتوو نییە، ڕەنگە هەردوولاش بڕۆن، بەڵام ئومێد ناکرێت بەرهەمێکی هەبێت و باوەڕم وایە بە شکست کۆتایی دێت.

*** ڕژێمی ئەسەد و گەلی سوریا بوونەتە دوو بەرەی دژ بە یەك، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دابەشبووەو بەشێکی پشتگیریی ئەسەد دەکات، بەشێکیش پشتگیریی چەکداران دەکات، ئایا تا چەند ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی شەڕی سوریا هێندەی دیکە خوێناوی بێت؟**

- ئاشکرایە کە ئەمە ڕاستە. سوریا بۆتە ئەوەی پێی دەڵێین جەنگی بە وەکالەت، - چین کارێکی زۆر ناکات لەم ڕووەوە، تەنها پشتیوانی چین ئەوەیە هیچ کارێك ناکات لە ئەنجومەنی ئاسایش نەتەوە یەکگرتووەکان- بەڵام بە زۆری ئێران و ڕووسیا هاوکاری و چەك بۆ ئەسەد دابین دەکەن و هەوڵی قایمکردنی پێگەی خۆیان دەدەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئێستا ئەمەریکا و فەرەنسا و بەریتانیاش لە سەروبەندی ئەوەدان پاڵپشتی بۆ چەکدارانی سوپای سوریای ئازاد دابین بکەن، کەواتە ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن ڕاستە، کە دۆخەکە خوێناویتر دەبێت، بەلای کەمەوە لە مەودای کورتدا. ئەوەی ئەمەریکا ئومێدی بۆ دەخوازێت ئەوەیە هاوسەنگی هێز بە قازانجی شۆڕشگێران بپارێزێت، لەبەر ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوودا چەندین پاشەکشیان کرد و چەند خاکیان لە دەستدا. پێم وانییە هیچ کەسێك لە واشنتۆن پێی وابێت ئەسەد دێتەسەر مێزی گفتوگۆ بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئاشتیانە، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە هاوسەنگی سەربازی لە دژی ئەوبن.

*** لە کاتێکدا ڕژێمی سوریا بەرەو سنوری لوبنان دەڕوات و حزبوڵاش هاتوتە ناو هاوکێشەکەوە، ئەوا شارەزایان پێیان وایە ئەسەد بە نیازی دروستکردنی دەوڵەتێکی عەلەوی و دابەشکردنی سوریایە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند دابەشبوونی سوریا دەبێتەهۆی ئەوەی کێشەکە بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت؟**

- پێموانیە سوریا دابەش بێت، لەبەر ئەوەی دابەشبوونی سوریا دەبێتەهۆی ئەوەی کێشەکە زیاتر درێژە بکێشێت، بە داخەوە چارەسەرێکی ئاسان لە ئارادانییە، هاتنە ناوەوەی حزبولا بۆ ناو شەڕەکە، دەبێتەهۆی ئەوەی ئەوەندەی دیکە خوێناویتر و درێژخایەنتر بێت و لەو باوەڕەدا نیم بەم زووانە کۆتایی پێبێت. حزبوڵا بە شێوەیەکی ستراتیجی شەڕ دەکات لە دەوروبەری لوبنان و بە تایبەتی لە قوسەیر، قوسەیر ڕێڕەوی چەك بوو بۆ شۆڕشگێران و ویستیان بیبڕن. هۆکاری ئەوەی حزبوڵا لە بەرژەوەندیی- ڕژێمی- سوریا شەڕدەکات، ئەوەیە زۆربەی چەکەکانی لە ڕێی سوریاوە بەدەست دەگات و هەروەها چەکیش لە سوریاوە وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی بە کەوتنی ئەسەد ڕەنگە نەتوانێت بەردەوام بێت، کەواتە ئەوان پێویستیان بەو چەکانەیە و دەبێت شەڕ بۆ ئەسەد بکەن.


*** تاچەند ڕژێمی ئەسەد هۆکارێکە بۆ تێکچوونی باردۆخی تورکیا لەبەر ئەوەی لە تەقینەوەکانی پێشتر کە لەشارێکی تورکیا ڕوویدا، حکومەتی تورکیا ڕژێمی سوریای تاوانبار کرد، ئایارژێمی ئەسەد دەستی لەڕووداوەکانی ئەم دواییەی تورکیا هەیە؟**

- لە ڕاستیدا باوەڕم وایە، مەرج نییە ئەسەد هۆکاری ڕوودانی ئەوەبێت کە لە تورکیادا ڕوودەدات، بەڵام سوریا باش لەوە تێدەگات کە پشتیوانی تورکیا بۆ شۆڕشگێران و هەموو ئەو کامپی ئاوارانە لەسەر سنوورەکان، بارگرانییەکی زۆرە و تێچوونێکی زۆری دەوێت و کارێکی سەخت و دژوارە، ئەمەش وای کردووە تورکیا زیاد لە توانای خۆی کاربکات و هەر لەبەر ئەوە ئێستا نائارامیی کۆمەڵایەتی لە تورکیادا ڕوودەدات، چونکە ئەرۆدغان دەیەوێت کارێکی زۆر ئەنجام بدات.

**تا ئێستا ئەمەریکا سیاسەتێکی ژیرانەی گرتۆتەبەر، بەڵام ناچار بوو- بەلای کەمەوە- و تا ڕادیەکی دیاریکراو هاوکاری شۆڕشگێڕان بکات**

**هاتنە ناوەوەی حزبولا بۆ ناو شەڕەکە، دەبێتەهۆی ئەوەی ئەوەندەی دیکە خوێناویتر و درێژخایەنتر بێت و لەو باوەڕەدا نیم بەم زووانە کۆتایی پێبێت**

# تورکیا: تێکگیران لەنێوان دوو تەرزە ژیاندا!



ئاسۆ کەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

خەڵك لە وڵاتگەلی دیموکراتدا، هەقی خۆیانە، بەشێوەیەکی مەدەنی و ئاشتیخوازانە، خۆپیشاندان و کۆڕ و کۆبوونەوە بکەن و مان بگرن. ئەرکی حکوومەتە، ئەو خەڵکە بپارێزێ، نوێنەرانیان ببینێ و لە داخوازییەکانیان بڕوانێ. بە حیساب و ئەڵڵا قۆیسەن، تورکیاش دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتە، چاوی لەوەیە لە یەکێتیی ئەورووپی وەربگیرێ، بۆ وەرگرتنیش، ئەو یەکێتیی ئەورووپایە، کۆمەڵی پێوەری هەن، کە بە پێوەرەکانی کۆپنهاگن ناسراون. مامەڵەی ئەم دواییەی حکوومەت لەگەڵ موزاهەرەچییەکان لە دەرەوەی ئەم پێوەرانەیە.

حکوومەتی دادو گەشەپێدانی تورکیا، نە خەڵکە گردبووەکەی مەیدانی ((تەقسیم))ی رۆژی ٢٨ی ئایار و بەرودواتری پێ پارێزرا، نە ئەردۆگان نوێنەرانی ئەو خەڵکەی بینی تا ١٣ی ئەم مانگە، بە پێچەوانەوە بە ((ئاژاوەگێڕ و هەرچی و پەرچی و لات و پات)) و بە دەستی دەرەکی ((لۆبی نێودەوڵەتی)) و ((هێزی شاراوە)) و لایەنگرانی ((سازمانی تیرۆریست))ی دانان، بە هێزی پۆلیس و بە توندی ((بە گازی فرمێسکڕێژ و گوللەی پلاستیکی)) بەرەنگار و ئامبازی ئەو خەڵکە بۆوە، خەڵکی کوژران ((پێموایە تا ئێستە ٥ کەس کوژراون، ٣ خۆپیشاندەر و پۆلیسێك و کرێکارێك))، بە هەزاران کەس بریندار بوون ((بەقسەی رێکخراوێکی مافی مرۆڤ زێتر لە ١١ هەزار کەس برینداربوون)) و گیراون، دروشمی جیا -جیای تێدا بەرز کرایەوە تا رادەی ئەردۆگان برۆ، لە کۆی ٨١ سەنتەری شاردا، لە ٧٨ شاردا، نارەزایی و خۆنیشاندان بەرێوەچووە.

ئەرێ ئەو ماجەرایە، لە سەر برینەوەی چەند بنە دارێك و تێکدانی پارکی گازی بوو لە ناوچەی تەقسیم و بە جواب هاتن بوو لەسەر ژینگە کە حکوومەت ویستویەتی سەرایەکی سەربازیی لەسەر تەرزی عوسمانلی و مۆڵێکی بازرگانی تێدا دروست بکات؟ ئەرێ ئەو خەڵکە خۆرسك گردبوونەوەو ئەو بەزمەیان بە ئەردۆگان و حکوومەتەکەی دادو گەشەپێدان کرد، یان دواتر ئۆپۆزیسیۆن (چ پەرلەمانی و چ غەیرە پەرلەمانی) قۆستیانەوەو تێکەڵاوی بوون؟ ئەرێ ئەوە نارەزایەتیەکی جڤاکیی گەنجان بوو لە هەمبەر کوت و بەندی ئازادییە تاکە کەسییەکان و ستایلی ژیان؟ یان دەستی لۆبی ئابووری و گروپەکانی فشار بوو؟ ئەرێ هیچ سروشت و رواڵەتێکی دیکەی هەبوو کە شاراوەو نا دیار بن؟

کورد، لە شارەکانی خۆیدا سەرەتا تێکەڵاو نەبوون، لە ئەستەمبۆڵێ چ؟ بە حیساب، لەنێوان کوردو حکوومەتدا، وتووێژ و دانوستاندن و موزاکەرە هەیە، چەند هەنگاو هەڵێنراونەتەوە، ئەدی پشتیوانە بەپارێزەکەی ئۆجالان لە خۆپیشاندانەکان چی؟ بەڕاست، خۆ لە سەرەتای خۆپیشاندانەکاندا، پەرلەمەنتارێکی BDP، کە تورکە و سۆسیالیستە، سری سورەیا ئوندەر لە ئەستەنبۆڵێ بریندار بوو! دەبێ ئەوەش بڵێین، دەمودووی ئەردۆگان توند و زبر بوو، لێ هەر لە حزبەکەی خۆی، ئاخاوتنی کەسانی وەك (عەبدوڵڵا گویل) و (بولەنت ئارینج) نەرم و لەسەر خۆ و بە ئاقارێکی دی بوون. ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا، بەتایبەتی ئەڵمانیا، هاتنە دەنگ و لە کاردانەوەی پۆلیس و رێزنەگرتن لە مافەکانی مرۆڤ نارەحەت بوون. بەشار ئەسەد و حکوومەتی سوریا زوو هاتنە سەر خەت و دەیانگوت، ها سەیر کەن، چ رووددەدا لە تورکیا، تەنانەت «عێراق»ی لەمەڕ خۆشمان قسەی تێدا کرد! ئایا، ئەو خۆنیشاندانە کە هەندێ بە سەرەتای بە ((بەهاری تورکی))یان دادەنا، دوای دیداری ئۆردوگان لەگەڵ نوێنەرانێکی ئەو گردبوونەوانە، بە کۆتا دێ یان نا؟ داخوا (پلاتفۆرمی هاریکاریی لە تەقسیم) رازی دەبێ و دادگا چ بڕیارێك دەردەکات؟ ئایا ئەو حزبانەی کە بەم یان بەو شێوەیە، لایەنگرانیان بەشداربوون وەك پارتی گەل CHP، بەدەپە BDP، پارتی کرێکاران IP، حزبی کۆمۆنیست TKP و چەند گرووپێکی دیکەی چەپ و عەلمانی و ناسیۆنالیزم و نیو- ناسیۆنالیزم، چ هەڵوێستێکیان دەبێ؟

• دیارە، حزبەکەی ئەردۆگان کە (١١)ساڵێکە لەسەر حوکمە، پێ بە پێ لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا (٢٠٠٢، ٢٠٠٧، ٢٠١١) نفووز و خەڵکی زۆرتر بووە و لە دوا هەڵبژاردندا بووە نزیکەی ٥٠٪. لە دوای پەنجاکانەوە، کە سیستەمی تاکحزبی لەو وڵاتەدا نەما، شتی وا نەبووە کە حزبێ بۆ سێ جار لە سەر یەك دەربچێتەوە. لە هەندێ «راپرسی»ی یەك دوو مانگی رابردوودا، سەبارەت بە سیاسەتی حکوومەت و دانوستان لەگەڵ ئۆجالان و هەندێ پرسی تردا، ئەو رێژەیە هەڵکشا بۆ نزیکەی ٥٨٪، بەڵام ئەی رێژەکەی تر، خۆ نابێ حکوومەت لێی بێ منەت بێ و هیچی بە گوێ نەکات. ئاخر هەموو شت بە زۆرینەو کەمینە نابێ!

• وڵاتێك، لە سایەی حزبێکی کۆنزەرڤاتیڤی باکگراوند ئیسلامی کە ئۆردوگان هەم سەرۆکی حزب و هەم سەرۆکی حکوومەتە، دەیەوێ دەستوورێکی، بە قسەی خۆیان مەدەنی، بنووسنەوە کە زۆر جیاواز بێ لە هینەکەی کودەتاچییەکانی ١٩٨٠ و وڵات بکاتە دەوڵەتی هاووڵاتیبوون و قانوون. واتە بەم یان بەو شێوەیە، وڵات هەر هی تورکان نەبێ و تەق و تۆق لە وڵاتدا نەهێڵێ، پرسی کورد چارەسەر بکات، لە سەرێکی دیکەوە سیستەمی سیاسیی لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی بگۆڕێ و خۆی (واتە ئۆردوگان) چاوی لەوە بێ لە ٢٠١٤دا بچێتە ئەو کێبەرکێیەوە، سەرباری دوو هەڵبژاردنی دیکەی پەرلەمانی و شارەوانییەکان، ئەوهاش توندە تەبیعەت و کاردانەوە خێرا و بێ منەت بێ. حیساب نەکردن بۆ ئەو توێژە گەنجە گردبۆوە خۆنیشاندەرەی کە بە قسەی هەندێ راپرسی و نووسەر، تێکڕای تەمەنیان (٢٨) ساڵ و خوێندەوار و سەر بەچینی ناوەڕاست و بان ناوەڕاستەوەن و ٥٠٪یان بێکار نەبوون ((واتە لات و پات نەبوون ئۆردوگان گوتەنی)) و هەم کاری خۆیان کردووەو هەم بەشداریشیان لەو گردبوونەوە نارەزاییانەدا کردووە، خراتری لەپاش دێ.. ئاخر ناکرێ ((عیزەت نەفس)) گەنجان ئەوهاکینێ بشکێنرێ! گەنجان لە ئۆتۆریتەی ئۆردوگان و گوتارە توندەکانی توڕەن.

• ئەردۆگان، بە پلان، کار بۆ ئەوە دەکات تورکیای ٢٠٢٣ یەکێ بێ لە ١٠ وڵاتە گەورەکەی ئابووری. بە قسان ئێستە لە رێزبەندیی ١٧یەمینە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ، وڵاتێك گەورە بێ لە رووی ئابوورییەوە، سەردەکێشێتە بواری دیکەی وەك سیاسەتیش، بەپێگەو جێگەو رێگەی جاران رازی نابێ. ئەو کەلکەلەیە لە ژاپۆن، لە ئەڵمانیاش هەیە. تورکیاش، ئەگەر وای لێهات، دەڵێ لە چم کەمە! زۆر شیکەرەوەش دبێژن، جارێکی دی دنیا لە تاکجەمسەرییەوە بەرەو چەند جەمسەری دەڕوا.. تورکیا لەناو جیهانی ئیسلامەتی، لە بەشە سوننەکەی چاوی لەوەیە، یەکێ بێ لەو جەمسەرانە، ئەدی (نیو- عوسمانلیزم) چییە، ئەوە نەبێ؟ پیاو هەق بڵێ لە باری هەڵدانی ئابوورییەوە، تورکیا لە پێشە و بۆ هەموو لایەك پەل دەکوتێ و تەنانەت «وەبەرهێنان»ی گەورە گەورەی بان یەك ملیار دۆلاری لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی دەکات. ئەوە لە کاتێکدا، ئەوروپا هێشتا، قۆناخی «رکود» و «قەیران»ی ئەو چەند ساڵەی دوایی جێ نەهێشتووە.

• تورکیا، بێ سەر ئێشەو گرفت و هارمۆنیك نییە. وڵاتێکی فرە نەتەوەیە (تورك، کورد، لاز، چەرکەس، عەرەب، ئاسوری...). فرە ئایینە (موسڵمان و مەسیحی و ئێزدی و...). فرە مەزهەبیشە (سوننە و عەلەوی و هیتریش). هەر یەك لەوانە ئاریشەی لەگەڵ دەوڵەتدا هەیە. کەمالیزم، کە بەرگی ئایینی لە خۆی دادڕیبوو، بە زۆر هەمووی خستبووە ناو یەك



**حکوومەتی دادو گەشەپێدانی تورکیا، نە خەڵکە گردبووەکەی مەیدانی ((تەقسیم))ی رۆژی ٢٨ی ئایار و بەرودواتری پێ پارێزرا، نە ئەردۆگان نوێنەرانی ئەو خەڵکەی بینی تا ١٣ی ئەم مانگە، بە پێچەوانەوە بە ((ئاژاوەگێڕ و هەرچی و پەرچی و لات و پات)) و بە دەستی دەرەکی ((لۆبی نێودەوڵەتی)) و ((هێزی شاراوە)) و لایەنگرانی ((سازمانی تیرۆریست))ی دانان**

قاوغەوە. هەر کرانەوەو دیموکراتیزەکردنێکی کۆمەڵگە و دەوڵەت، خۆناسین و تەعبیر لە خۆکردن دێنێتە پێشەوەو ئیدی بەری پێ ناگیرێ. دەق تورکیا لەو سەروبەندەیە! سەیرکەن، کوردەکەی خۆمان لەوێ (٢٠٪ی دانیشوان دەبێ)، بە شێوەی جیا-جیا، خۆی وەکو ئەوی دی لە بەرانبەر تورکدا، دەناسێنێ، زوو یان درەنگ خەڵکی تر دێنە دەنگ. عەلەوییەکانی تورکیا (هەم کوردیان تێدایەو هەم تورك و ١٠٪ی دانیشتوان دەبن و لە سووریاش هەن)، گرفتیان هەیە. بە سەهو نەچووبم، گرفتی رێورەسمی ئایین بەجێگەیاندنی خۆیان هەیە، دەیانەوێ نوێنەرایەتییان لە بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئایینی هەبێ و دان بە ((جەم))ـەکانیان بنرێ. بە کورتی ترس و خۆف و نیگەرانییان، لە ژیانەوەی سوننەگەرایی عوسمانلی هەیە، بێ ئەسەر نییە بەشێکی عەلەوییەکان لەناو پارتی گەلی کۆماری CHP و لە ترۆپکی سەرکردایەتیی دان. لەناو PKK و BDPـەشدا هەروا. عەلەوییەکان مەیلیان زێتر بە لای عەلمانیەت و چەپگەرا دایە. ئەوەی لە سووریاش دەگوزەرێ، بمانەوێ و نەمانەوێ سروشت و رواڵەتێکی مەزهەبی وەرگرتووە و کاریگەریی بۆ سەر ناو تورکیا و بەشێکی عەلەوییەکان هەیە. کوشتوبڕەکەی (رەیحانلی) لە خەتای چ بوو؟

● لە باری کۆمەڵایەتی و تەرز و میتۆدی ژیانەوە، بە تایبەتی لەناو چین و توێژی سەرەوەو ناوەڕاستدا، لە (٨٠) ساڵی سەردەستیی کەمالیزم (١٩٢٣- ٢٠٠٢)، کولتوورو سەب- کولتووری تایبەت بە خۆی خولقاندبوو. لە (١١) ساڵی رابردوودا، گۆڕانکاری رادیکاڵ روویداوە، دابونەریت و کولتوورو ترادیسیۆنی کۆنزەرڤاتیڤی نوێی-کۆن، سەری قیت کردۆتەوەو نەشونما دەکات...ئەگەر لە بیرم بێ، مانگی ١١ی ساڵی ٢٠٠٨ بوو، ئێمە چەند ئەندامێکی مەکتەبی راگەیاندنی پارتی چووینە تورکیا و چاومان بە زۆر نووسەر و میدیاکار و کەناڵی تی ڤی و رادیۆ و رۆژنامە کەوت، لە سەردانی بەرپرسێکی دیاردا کە چەند کەناڵی میدیایی سەرپەرشتی دەکرد و بنکەکەی لە ناوچەیەکی میللیی ئەستەنبۆڵ بوو، نە وێنەیەکی ئەتاتورك یان پەیکەرێکی بچووکی لە ژوورەکەیدا کە ئێمەی لێ بەخێرهێنا نەبوو، تەرزی کەلوپەلی ژوورەکەی عوسمانلییانە بوو! کە هاتینە دەرەوە، سەرۆ قادری سەرۆکی وەفدەکە گوتی: (پێموایە، ئەوانە لەسەر کار بمێننەوە، چەند ساڵێکی کە نابات



هەرچی پەیکەر و کۆتەڵی ئەو پیاوە هەیە بە شـــۆڤەڵ لا دەبرێن)!

کەواتە ئێمەمانان هزرمان دەکرد بەریەککەوتن رووبدات. بەڵێ لە سەروبەندێکدا کە هێشتا لە باری بەڵانسدان (٥٠ بە ٥٠ ن). کەمالیزم ململانە دەکات و بە هاسانی جێگە چۆڵ ناکات، واتە ململانەکـــە ئەو رەهەندە کولتوورییە- ئایدیۆلۆجییە- کۆمەڵایەتییەشـــی هەس. ئاخر قانوونی وەك ((کـــۆت و بەند زیاد کردن بـــۆ فرۆتنی ئەلکهول و کردنـــەوەی بـــار و ...)) کە لە لایـــەن پەرلەمانەوە پەسندکرا، نموونەیەکە بە ئاسان لە تورکیا هەزم ناکرێ. بە مانایەکی دی ئەندازەی کۆمەڵایەتیی و ســـەپاندنی دیدو ئایدیاڵی حزبی دادو گەشـــەپێدان بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا، بەلای خەڵکانێکەوە پەسند نییەو تێکدانی پارکێك دەبتە پاســـاو بۆ کاردانەوەیەکی پەنگخواردووی چەند ساڵە...

• کورد وەك لە سەرێ گوتم لە رێی ئۆجالان و قەندیلەوە، دانوستاندنی لەگەڵ حکوومەتەکەی ئۆردوگاندا هەیە. وردە- وردە گەریلاکان دەکشـــێنەوە. پەیتـــا پەیتا وەفد دەچێتە لای ئۆجالان و دوایە دێنە قەندیل (پێموایە ئەوە شەشـــەمین وەفدە بچێتە لای ئۆجالان)، بەڵام کۆسپ- یش هەن، لەشـــکری تورکیا جموجۆڵـــی هەیە. جاروبار پێکدادانـــی بچووکیـــش بووە. هەوەڵجار لە شـــارەکانی کوردستاندا، کورد سەبارەت بە خۆنیشاندانەکان، بە پارێز بوون، لە ئەســـتەنبۆڵی نا، لە گردبوونەوەکاندا گەنج و خورتی ســـەر بە BDP بەشـــداربوون. ئۆجالان-یش لە پەیامەکەی خۆیدا، لە رێگـــەی دوا وەفدی بە BDP ـەوە، ســـۆزێکی بەرانبەر نواندبـــوون، ئیدی لەو دەمەڕا لەم شار و ئەو شاردا، جولەو بزاڤ و رێپێوان کەمو زۆر هەبووەو ئۆباڵەکەی خستبووە ئەستۆی حکوومەت.

بەهەرحاڵ، ئەو بزاڤەی کە لە تەقسیم کرا، رێکخراو نییە، لێ بدۆمینە، ئەوا بە دوور نازانرێ بزاڤێکی سیاسی لێ دروست ببێ. بەڵام وەك دیارە، ئۆردوگان پاشەکشەیەکی لە بەرانبەردا کردن و پرســـەکەی داوەتە دەســـت دادگاو دواتر راپرسییەوە. با بزانین. لە سەرینی ئەوەی کە دیار نییە، ئەو بزاڤە بە کوێ دەگات، هەقە PKK و BDP بە وریاییـــەوە مامەڵە بکەن و تێ نەکەون! بەتایبەت کە نە ناسیۆنالیستەکان و نە کەمالیستەکان و نە گروپگەلی چەپگەرای بە رۆح ناســـیۆنال، خێریان بۆ کورد نەبووە تا لەمەودوا هەیانبێ. لەبەر ئەوە پێویســـت نییە، کورد کێشەی خۆی تێکەڵی کێشەو گرفتەکانی دی بکات.

**هەقە PKK و BDP بە وریاییەوە مامەڵە بکەن و تێ نەکەون! بەتایبەت کە نە ناسیۆنالیستەکان و نە کەمالیستەکان و نە گروپگەلی چەپگەرای بە رۆح ناسیۆنال، خێریان بۆ کورد نەبووە تا لەمەودوا هەیانبێ. لەبەر ئەوە پێویست نییە، کورد کێشەی خۆی تێکەڵی کێشەو گرفتەکانی دی بکات**



# سودان لەبەردەم سیناریۆ کارەساتبارەکاندایە

ئەسما ئەلحوسێنی
گوڵان- قاهیرە

پەرەسەندنی نائارامی و شەڕ و پێکدادانەکانی ئەم دواییەی سودان، دۆخێکی مەترسیداری لێکەوتۆتەوە بەرادەیەك ئەو وڵاتەی خستۆتە بەردەم لێواری هەڵوەشاندنەوە، لەم دۆخەدا حوکمڕانی لەخەرتوم دەسەڵاتە مەرکەزییەکەی رووی لەکزی کردووەو لەوە ناچێت لەداهاتوودا بتوانرێت یەکێتی وڵاتەکەی بپارێزێت، لەبەرامبەریشدا ئەمریکاو رۆژئاوا لەمەڕ گۆڕانکاریی و پێشهاتەکان بێدەنگن، رەنگە ئەوان تەنیا مەبەستیان جیابوونەوەی باشوور و بەردەوامبوونی رژێمێکی لاواز بێت، هەربۆیە گەر سودان رووبەڕووی چەندین سیناریۆ دەبێتەوە، **دکتۆر ئیبراهیم ئەمین ئەمینداری گشتی پارتی ئوممەی سودانی لە لێدوانێکی تایبەت بە گۆڤاری گوڵان باس لەو قەیرانە دەکات کە سودان تێیکەوتووە لەمبارەیەوە پێیوایە رەوشەکە مەترسیدارە چونکە بەتەواوەتی هەیبەتی دەوڵەت نەماوە لەم رووەوە وتی:** دەسەڵاتی ناوەند لەسودان نەماوە و لەناو خودی رژێمیشدا زیاتر لە رەوتێك هەیە، هەرئەمەشە وایکردووە هەیبەتی حکومەت نەمێنێت و پاراستنی یەکێتی وڵات کارێکی ئاستەم بێت، لەبەرامبەریشدا گەلی سودان ترسیان لەتێکچوونی یەکجارەکی وڵاتەکەیان هەیە، لەم نێوەندەشدا عەقڵمەندانی سودان بیر لەو سیناریۆیانە دەکەنەوە کە دەکرێت وڵاتەکەیان رزگار بکات، سیناریۆی یەکەم مانەوەی رژێمە بەلاوازی لەبەڕێوەبردنی کێشە سیاسییەکانی وڵات و بەردەوامبوونی ئاڵۆزی و شەڕ و پێکدادانەکان بەمەش پشێوییەکان بەردەوامی دەبێت و مەینەتیەکان بەردەوام دەبێت و ئەگەرەکانی هەڵوەشانەوەی وڵات زیاتر دەبێت، سیناریۆی دووەمیش لەسیناریۆی یەکەم باشتر نییە ئەویش کودەتایە جا ئەو کودەتایە لەکۆشکەوە بێت یا کودەتایەکی هێزە چەکدارەکان بێت، کە ئەگەر سەرکەوتنی لەکۆنترۆڵکردنی خەرتووم بەدەستهێنا ئەوا بۆ چی دیکە لەخەرتوومەوە ناتوانرێت حوکمڕانی سودان بکرێت چونکە بوونی ژمارەیەکی زۆری میلیشیایەکان و چەك و تەقەمەنی بەردەوامی بەشەڕ و پێکدادانەکان دەدات، هاوکات سیناریۆی سێیەمیش هەیە کە رەنگە بزووتنەوە چەکدارەکان بتوانن کۆنترۆڵی هەندێك ناوچە بکەن و لەوێوە پەلاماری خەرتووم بدەن بەهاوشێوەی



سۆماڵێکی تازە پێکدادان لەنێوان بزووتنەوە چەکدارەکان روودەدات. بەمشێوەیە لە هەرسێ سیناریۆکەی بەردەم سودان دەبینین نەهامەتی و شەڕ وماڵوێرانی بۆ گەلانی سودانی لێدەکەوێتەوە.

ئاخۆ سیناریۆیەك نەبێت کە تێیدا هەموو هێزەکان هاوکۆك بن لەسەری و هەموو حزب و هێزەکان کۆنەکاتەوە تاوەکو سودان لەسیناریۆ پڕ لەمەترسیەکان دەرباز بکات، سەبارەت بەو سیناریۆیە ئەمینداری گشتی پارتی ئوممەی سودانی پێی وابوو ئەو سیناریۆیە لەسایەی ئەم رژێمەدا نایەتەدی ئەویش سناریۆی بیرکردنەوەی تەندروست کە بەوتەی دکتۆر ئیبراهیم ئەمین دوورە لەتۆڵەسەندنەوەو راونانی فەرمانڕەوایان بەڵکو پەیوەستە بە بوونی پرۆژەیەك کە هەموو لەسەری رێکەوتنی لەسەر بکەن بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، واتا گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەکی نیشتمانی کە رای گشتی پەسەندی بکات ئەمەش پێویستە بەخێرایی ئەنجام بدرێت. نەك وەکو ئەو مەبەستەی دیالۆگکردن کە سەرۆك بەشیرو جێگرەکەی بانگەشەیان بۆ کرد کە تەنیا مەبەستیان گفتوگۆکردن و توانەوەیە لەناو رژێمدا هەروەکو ئەوەی لەقۆناغی پێشوودا لەگەڵ بزووتنەوە چەکدارەکان پەیڕەوکرا، هەربۆیە دیالۆگ بیرکردنەوەیە لەگۆڕانکاری راستەقینە بەشێوەی روون و ئاشکرا.

لەلایەکی دیکەوە هەموو رێکەوتنێکی دوولایەنە نەبووە هۆی ئەنجامدانی گۆڕانکاری پەسەندکراو، کاتێك هێزە سیاسییەکان دەگەیشتنە هەر رێکەوتنێك یا دەستنیشانکردنی رێگەچارەیەك بۆ قەیرانی سودان یەکسەر دەکەوتنە ناو قەیرانگەلێکی دیکەوە، بۆنموونە مایەی پێکەنینە هەر گرووپێك لەدارفۆر خۆی وەکو هێزێکی چەکدار دادەنا راستەوخۆ ئینقاز رووی تێدەکردوو لەگەڵیدا رێکدەکەوتن و پلەو پایەی بۆ پێشنیار دەکردن کەچی ئێستا لەدارفۆر رەوشەکە خراپترە. هەربۆیە بەپێی وتەکانی ئەمینداری گشتی پارتی ئوممەی سودانی چارەسەرکردنی کێشەکانی سودان لەم قۆناغەدا زەحمەتەو تەنیا دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکانی پێشووە.

کەواتە پەرەسەندنەکان لەسودان لەهەڵکشاندایە بەتایبەتی دوای ئەو قەیرانانەی لەشاخەکانی نۆبەو نیلی شین هاتە ئاراوە کە رەنگە بگاتە نیلی سپی، هاوکات رۆڵی ئۆپۆزسیۆنیش لەچارەسەرکردنی قەیرانەکە لاوازە، سەبارەت بەم بوارە ئەمینداری گشتی پارتی ئوممەی سودانی وتی: رژێم لەلێواری رووخاندایەو کودەتای ئەم دواییەی ئیسلامیەکانیش مەترسیدارترین حاڵەتە، چونکە ئەوان بەرگری لە رژێم دەکەن و لەباشوریش شەڕ دەکەن، لەبەرامبەردا ئۆپۆزسیۆن کەمتەرخەمە و بەدرێژایی چارەکە سەدەیەك نەیتوانیوە خۆی بەهێز بکات و بەناخی جەماوەر رەگیان دانەکوتیەوە، زۆربەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لەسەرەوە هەڵوێستی بەرهەڵستکارییان هەیەو لەنێخۆشیاندا هاوپەیمانێتیەکەیان لاوازە. لەبەرامبەریشدا لەبەرئەوەی هەڵکە لەسیاسەتە پەیڕەوکراوەکەیە هەربۆیە خەڵکی بڕوایان بەدیالۆك و گۆڕانکاری مەدەنی نەماوە ئەمەش لەبەر ئەوەی سەرانی رژێم لە گەندەڵییەکان تێوەگلاون و چاودێری توندی دەزگا ئەمنییەکان و نەبوونی هەماهەنگی لەئەدای رێکخراو و دامەزراوە حکومییەکان.

سەبارەت بە رۆڵی ئەمریکا لەچارەسەرکردنی کێشەکان ئەمینداری گشتی پارتی ئوممەی سودانی لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵانی وتی: رژێمی خەرتووم وەکو رژێمێکی سەرکوتکار خزمەت و سوودێکی گەورەی بە ئەمریکا گەیاندووە، هەر لە جیابوونەوەی باشوور و پاشگەزبوونەکانی رژێمەکە لەئاست داخوازییەکانی بۆ ئەو وڵاتە، دۆخێکی وای دروستکردووە ئەمریکا لەئاست ساختەکاریی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە چاوی نوقاند، چونکە گرنگ لای ئەمریکا بەردەوامی رژێمەکەیەو جیابوونەوەی باشوورە. هەربۆیە من پێموایە جیابوونەوە لەنێوان خەرتووم و دەوڵەتی باشووری سودان روویداوە، پێویستە پارێزگاری لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیرییەکانی نێوان هەردوو گەل بکەین چونکە لە ٣٠٪ی دانیشتوان لەپشتێنەی سنووری نێوانیان دەژین، بەرادیەك رەوەندە عەرەبەکان و خاوەن ماڵاتەکان دەچنە نێوخاکی یەکترەوە کەمترین رێگەگرتن لە لەوەڕ دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پێکدادان.



**دکتۆر ئیبراهیم ئەمین:**
**رژێم لە لێواری رووخاندایەو رۆڵی ئۆپۆزسیۆنیش لەچارەسەرکردنی قەیرانەکان لاوازە**

# گەنج و سیاسەت لە کوردستاندا

(١)



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینوسێت

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا چەند چرکەساتێك هەن کە کۆتایی بە مێژوویەك دێنن و سەرەتای مێژوویەکی دیکەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دروستدەکەن. ١١ی سێپتەمەبەر لە ئەمریکا، رووخانی دیواری بەرلین لە ئەڵمانیا، شۆڕشی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و راپەڕینی خوێندکارانی ٦٨ لە فەرەنسادا بەشێکن لە لیستی درێژی ئەو چرکە ساتانەی کە کۆتایی بە مێژوویەك دێنن و سەرەتای مێژوویەکی دیکە دادەمەزرێنن. لە کوردستانی عێراقدا راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ یەکێکە لەو چرکەساتانەی کە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێمە دەکات بە دوو بەشەوە، بەرادەیەك کە لە یادەوەری کۆلێکتیڤی مرۆڤە سادە کوردستانیەکانیشدا باسکردن لە دنیای پێش راپەڕین و دنیای پاش راپەڕین وەك بەڵگە نەویستێکی لێبێت. راپەڕین دوو نەوە لەیەک جیادەکاتەوە کە دەکرێت ناویان بنێین نەوەی مردن و نەوەی ژیان. گەر نەوەی پێش راپەڕین بریتی بووبێت لە گەڕان بەدوای مردندا؛ مردن لە نێو زیندانەکاندا، مردن لە لەسەر پەتی سێدارە، مردن لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی دوژمندا، مردن لە لەنێو پرۆسێسی ئەنفالدا، مردن لە نێو کیمیابارانددا، مردن لەنێو ئۆردوگاکانی ئاوارەییدا، مردن لەنێو کێڵگەکانی ئەڵغامدا، گومانی تێدانییە کە نەوەی پاش راپەڕین (مەبەستمان هەموو ئەو کەسانەیە کە لە دوای راپەڕین لەدایکبوون و ئێستا تەمەنیان لەنێوان پانزە تا بیست و دووساڵیدایە) بریتییە لە گەڕان بە دوای ژیاندا؛ ژیان لەنێو خانووی باشتردا، ژیان بە ئۆتۆمۆبێلی باشترەوە، ژیان لەرێگای گەشت بەوڵاتاندا، ژیان بە مووچەی بەرزتر، ژیان بە پۆستی رێزلێگیراو، ژیان بە پیشەی پێگەدار، ژیان لەنێو کۆڵانەکانی فەیسبوکدا، ژیان لەبەردەم زنجیرە کۆریە نەبڕاوەکاندا، ژیان لەنێو پرۆسێسی پشبڕکێکردن لە «بەرخۆریدا». گەر نەوەی پێش راپەڕین، لەژێر هەر بەردێکدا، لەنێو هەر گوندێکدا، لە بەر دەرگای هەر ماڵێکی شاردا، تەنانەت لەنێو پایتەختی وڵاتانی رۆژئاواشدا چاوەڕوانی مردنی کردبێت، ئەوە نەوەی پاش راپەڕین، چرکە بە چرکە، خولەك بە خولەك، کاتژمێر بە کاتژمێر و رۆژ بە رۆژ چاوەڕاوانی ژیانێکی نەرمتر، گەورەتر، فراوانتر، کراوەتر دەکات.

بێگومان ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێستامان بریتی نییە لە بەراوردکردنی ئەم دوو نەوەیە، هەرچەند ئەمە بابەتێکی گرنگە و دەکرێت لە داهاتوودا بگەڕێینەوە سەری. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە کارکردنە لەسەر نەوەی ژیان، واتە نەوەی پاش راپەڕین، کە دەکرێت بە نەوەی نوێ، نەوەی لاوان، نەوەی «گەنجێتی»ش ناوی بەرین. لەم چوارچێوەیەدا سێ تەوەرەی سەرەکی دەبن بە مەیدانی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەمان. مەیدانی یەکەم بریتییە لە تێگەشتن لە لاوان وەك کاتیگۆریەکی کۆمەڵایەتی و کولتوری و گومان دروستکردن لەسەر ئەم گریمانەیە. مەیدانی دووەم بریتییە لە سیاسەت لە خەیاڵدانی لاوانی کوردستاندا. مەیدانی سێیەمیش بریتییە لە لاوان لە خەیاڵدانی سیاسیەکانی کوردستاندا.

**لاوان وەك كاتیگۆری كۆمەڵایەتی و كولتوری**

لەهەر کۆمەڵگەیەکی بەشەریدا جیهانی کۆمەڵایەتی لەسەر چەند مۆدێلێك لە«کاتیگۆری» دروستدەبێت و هەر یەکێك لەم «کاتیگۆری»انەش لەرێگای چەند «پرۆسێسێکی»تایبەتەوە دەبن بە بابەتی راڤەکردن، لێکدانەوە و خوێندنەوەی سۆسیۆلۆژی ورد و قوڵ کە دوو ئامانجی سەرەکی دەپێکن: لەلایەکەوە رێگامان پێدەدەن کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەك پۆلێن بکەین و رەفتار و چوارچێوە بۆ گوتارەکانیان دروستبکەین (لە کۆمەڵگەیەکدا کێ چی دەکات و کێ چی دەڵێت)، لەلایەکی دیکەوە و لەرێگای

تێگەشتن لە ڕەفتار و گوتاری تاکە پۆلێنکراوەکانەوە، پرۆژەی چۆنیەتی مامەڵەکردنی سیاسیانە لەگەڵ هەر یەکێك لە تاکە پۆلێنکراوەکاندا لەدایکدەبن.

هەوڵی دروستکردنی پێناسەیەکی هاوبەشی یەکگرتوو بۆ «گەنجێتی»، بۆ «لاوان» وەك گرووپێکی کۆمەڵایەتی/کولتوری خاوەن [یەك] ئینتیما، دەمانباتەوە سەر ئەو پرۆژە سیاسیەی کە دەیەوێت گرووپە کۆمەڵایەتیەکان بەسەر چەند «تەمەن»ێکدا دابەشبکات و پاشان بیانخاتە نێو کردەی بەدەزگاییکردنەوە. واتە تەواوی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەیەك بەسەر چەند تەمەنێکدا دابەشدەکات و پاشان هەر یەکێك لەم تەمەنانە بەدەزگایی دەکات و لەم ڕێگایەشەوە دەستنیشانی پێداویستی و خەون و بەرژەوەندیەکانیان دەکات. بێگومان یەکەم کارێك کە پرۆژەیەکی سیاسی لەم جۆرە دەیکات بریتییە لە شاردنەوەی کۆی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەی کە لەسەر بەرژەوەندیی یەکتربڕ دامەزراون و نەك هەر چوارچێوەیەك کۆیان ناکاتەوە، بەڵکو لە ململانێی بەردەوامدان. لاوانیش بەشێکی زیندوون لەم ململانێ کۆمەڵایەتیە جیاوازانەدا و وەك پیەر بۆردیۆ دەڵێت ئەوانیش لەدەرەوەی بەریەککەوتنە کۆمەڵایەتیەکاندا ئامادەییان نییە.

ئەو پرۆژە سیاسییەی کە دەیەوێت باوەڕمانپێبێنێت بەوەی کە لاوان پێکەوە ئینتیمایان بۆ گرووپێکی کۆمەڵایەتی گونجاوی یەکگرتوو هەیە، بەشێوەیەکی وشیارانە یان ناوشیارانە، بەشداریدەکات لە بیناکردنی وەهم لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە. «گەنجێتی» گوزارشتە لەو هەزار خەون و بەرژەوەندیە یەکتربڕانەی کە ڕۆژانە سنوور لەنێوان گرووپە کۆمەڵایەتیەکاندا دروستدەکەن.

بەڵام بێگومان ئەمە مانای ئەوە نییە کە «گەنجێتی» وەهمە و کۆمەڵگەکان خاڵین لە گەنجان. بەپێچەوانەوە، بەدرێژایی مێژووی خۆیان زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ گەنجان وەك بابەتی لێکۆڵینەوە مامەڵەیان کردووە و ویستویانە تێبگەن لەو گۆڕانکاریە بەردەوامانەی کە بەسەر ئەم «کاتیگۆریە» دا هاتوون. لێرەوە زانستە کۆمەڵایەتیەکان گەنجێتیان وەك «پۆست-هەرزەکاری»، وەك پەڕینەوە لە هەرزەکاریەوە بۆ باڵغبون، وەك سەردەمێك لە مێژووی ژیان، وەك رووبەری پەیوەندی نێوان نەوەکان پێناسەکردووە.

لە کۆمەڵگەی «ترادیسیۆن»دا چەمکی گەنجبوون مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا کراوە و تاڕادەیەکی زۆر سنورەکانی تێکەڵ بە سنورەکانی هەرزەکاری کراوە. بێهودەنییە کە تا ئێستاش، لەو کۆمەڵگانەدا کە قاچێکیان لە نێو مۆدێرنیتێدایە و قاچێکی دیکەیان لەنێو ترادیسیۆندایە، بەجۆرێك لە جۆرەکان گەنج و جەحێڵ وەك دوو ڕووی دراوێك تەماشا دەکرێن.

[لاوێکی کوردستانی لە یەکێك لە زانکۆ بەناوبانگەکانی ئەوروپادا دکتۆرا بەدەستدەهێنێت و کارێکی زۆر گرنگی لە ئەوروپادا دەستدەکەوێت. مووچەی مانگانەی دەگاتە چوار هەزار دۆلار لە مانگێکدا. هەستی نیشتمانی وایلێدەکات کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و خزمەت بە نەوەی نوێ بکات. کاتێك هەست بەوەدەکات کە وەزارەتی خوێندنی باڵا بەدوای سەرۆکێك بۆ زانکۆی (...)ی دەگەڕێت، ئەم دکتۆرە گەنجەمان کە تەمەنی سی و پێنج ساڵێك دەبێت، خۆی کاندید دەکات و بەڕێز جەنابی وەزیر بە تەلەفۆن چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکات. لەوەڵامدا پێیدەڵێت: هیچ تێبینییەکم نییە ئەوەنبێت کە تۆ «جەحێڵیت» بۆ ئەو پۆستە!]

لە یادەوەری کۆمەڵگەی ترادیسیۆندا جەحێڵ و هەرزەکار وەك دوو ئەکتەری پێنەگەشتوو، هەڵەشە، نزیك لە هەڵەی بەردەوام، نەشیاو بۆ بەرپرسیاری گەورە، دوودڵ، سەرپێیی، کورتبین، ناجێگیر، هەڵچوو تەماشادەکرێت. لەم یادوەریەدا، نە دکتۆرا، نە خوێندن لە باشترین زانکۆی جیهاندا، نە ئەزموون لەگەڵ دنیای دەرەوەدا، نە هێز و توانای کار، نە چالاکی بەردەوام، نە وزەی هەمیشە گەرم، هیچ یەکێك لەمانە بەهای ئەو شتەیان نییە کە ناویدەنرێت «تەمەن»!

لە کۆمەڵگەی ترادیسیۆندا بەهای تەمەن وەك بیلدۆزەر هەموو بەهاکانی دیکە ڕادەماڵێت.

لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، کاتێك ئەم یادەوەرییە دەستکاری دەکرێت، ئیدی شوناسی گەنجبوونیش وردە وردە گۆڕانکاری بەسەردا دێت؛ بەڕادەیەك کە گەنجبوون نەك هەر ناخرێتە سەر «ئەکاونتی» هەرزەکاری و جەحێڵبوونەوە، بەڵکو تەمەنیشی درێژدەکرێتەوە. گەر لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا گەنجبوون بریتی بوویێت لە ١٥ تا ٢٢ ساڵی، ئەوا پاش سەرهەڵدنی دیاردەی مانەوە بە زگوردی، فۆرمی نوێی خێزان (لە کۆمەڵگەی ترادیسیۆندا یەك جۆر خێزانمان هەبوو، باوکێك و دایکێك و منداڵ و خانوویەك، بەڵام لە کۆمەڵگەی مۆدێرنیتێدا چەندین فۆرمی نوێی خێزانمان هەیە: خێزانی یەك باوکی، خێزانی یەك دایکی، خێزانی پێکەوە نەژیاو، خێزانی ئۆتۆنۆم، خێزانی هۆمۆ، خێزانی لێزبیان، ...)، کەمکردنەوەی منداڵ دروستکردن، بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاری و چەندین هۆکاری دیکە، گەنجبوون دەتوانێت تەمەنی خۆی درێژبکاتەوە و بەنێو زەمەندا بکشێت، بەڕادەیەك کە زەحمەتبێت دەستنیشانی بکەین.

کاتێك گەنجێك خوێندن تەواودەکات بەبێ ئەوەی بتوانێت دەستی لە پۆستێك، مووچەیەك، کارێك گیرببێت، کاتێك تێکەڵ بە زەمەنی گەڕان بەدوای کاردا دەبێت، زەمەنێك کە دەکرێت چەندین ساڵ درێژببێتەوە، ئیدی گریمانەی دروستکردنی خێزان و منداڵ، گریمانەی دروستکردنی خانوویەك و چوونەدەرەوە لە ماڵی باوك، ئیدی گریمانەی تێکەڵبوون بە کۆمەڵگە و بەدەستهێنانی دانپیادانانی کۆمەڵایەتی دەبێت بە ململانێیەکی سەختی ڕۆژانە؛ ململانێیەك کە شانسی دۆڕانی زۆر بەهێزترە لە شانسی بردنەوە. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، گەنجێتیش بەنێو قەیرانەکاندا دەکشێت و وەك گرفتەکان بەنێو زەمەندا خۆی درێژدەکاتەوە.

لەم گۆشەنیگایەوە، قۆناغی گەنجێتی دەبێت بە قۆناغی ململانێ لە پێناوی ئامادەکردنی هەلومەرجی پەڕینەوە بۆ دنیای پاش گەنجێتی. ململانێ لەپێناوی چوونە نێو باشترین زانکۆدا، لەپێناوی هەڵبژاردنی باشترین کۆلێژدا، لەپێناوی بەدەستهێنانی بەرزترین نمرەدا، لەپێناوی بەدەستهێنانی باشترین بڕوانامەدا، پاشان لەپێناوی بەدەستهێنانی باشترین پۆستدا. ڕاستە قۆناغی گەنجێتی زۆر جار وەك قۆناغی ئازادی مرۆڤ دەخرێتە سەر شانۆ، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە لە هەمانکاتدا قۆناغی «دیتێرمینیسم» یەك لەدوای یەکی جومگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئەخلاقی و خێزانیەکانیشە. من پێموایە یەکێك لە ئاڵۆزیە هەرە کوشندەکانی ئەم قۆناغەی ژیان بریتییە لە کۆکردنەوەی هەردوو چەمکی ئازادی و «دیتێرمینیسم» پێکەوە و گەر بە وشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا نەکرێت، لادان و ریزپەڕی و تەنانەت خود کوژی و دەیان نەخۆشی دەروونی دیکەش وەك گریمانەی بەهێز هەژموون بەسەر کۆمەڵگەدا دەکەن. بێگومان هەر کۆمەڵگەیەکیش کە پرۆژەی بۆ زەمەنی گەنجێتی ئەو هەزاران هەزار مرۆڤە نەبوو کە سبەینێ گەورە دەبن و کۆمەڵگە دەبەن بەڕێوە، لە کۆتاییدا چارەنووسی خودی خۆی دەخاتە مەترسیەوە!

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

**لەهەر کۆمەڵگەیەکی بەشەریدا جیهانی کۆمەڵایەتی لەسەر چەند مۆدێلێک لە«کاتیگۆری» دروستدەبێت و هەر یەکێک لەم «کاتیگۆریـ»ـانەش لەڕێگای چەند «پرۆسێسێکی»تایبەتەوە دەبن بە بابەتی راڤەکردن، لێکدانەوە و خوێندنەوەی سۆسیۆلۆژی ورد و قوڵ**

**لە کۆمەڵگەی «ترادیسیۆن»دا چەمکی گەنجبوون مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا کراوە و تاڕادەیەکی زۆر سنورەکانی تێکەڵ بە سنورەکانی هەرزەکاری کراوە**